https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.174
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# کاریگەریی ئاوێتەکردنی هەندێك لە نوێگەرییەکانی وانەوتنەوە لە بابەتە مێژووییەکان لە سەر بەدەستهێنانی خوێندکاری پۆلی شەشەمی بنەڕەتیی

**نەرمین علی محمد بەرزنجەیی**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت / زانکۆی سلێمانی
narminali425@gmail.com

**پ.علی عبدالرحمن جمعه**
بەشی کیمیا / کۆلێژ ی پەروەردە / زانکۆی سلێمانی
qi.ude.lusvinu@aamuj .ila

**پوختە**

ئـەم توێژینەوەیـە بـۆ زانینـی کاریگەریـی ئاوێتەکردنـی سـێ سـتراتیژی نوێـی وانەوتنەوەیـە لـە بەدەسـتهێنانی خوێندنـی بابەتـی مێـژوو لـە قۆناغـی بنەڕەتیـی دا. میتـۆدی توێژینەوەکـە نیمچـە ئەزمونگەرییـە بـۆ دوو گرووپـی هاوتـا و سـەربەخۆ بـە تاقیکردنـەوەی کۆتایـی. کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە قوتابیـی پۆلـی شەشـەمی بنەڕەتیـی لـە قوتابخانـە حوکومییەکانـی ناوەنـدی شـاری سـلیمانی بـۆ سـاڵی خوێندنی(٢٠٢١-٢٠٢٢)ز. نموونـە پشکنینیی(سـامپڵی)توێژینەوەکە بریتییـە لـە قوتابیـی لـە قوتابخانەی(قامیشـلۆ)، کـە بەشـێوەیەکی مەبەسـتدار هەڵبژێـردرا سـەر بـە بەڕێوەبەرێتیـی پـەروەردەی ڕۆژئـاوا، ژمارەیـان (٦٠)، قوتابیـی بـوو لـە دوو پۆلـدا، (٣٠)، قوتابیـی لـە پۆلـی شەشـەمی (ا) وەك گرووپـی ئەزموونکاریـی کـە بـە ئاوێتەکردنـی سـێ سـتراتیژی نوێـی وانەوتنـەوە وانەیـان خوێنـد، کـە بریتییـن لـە سـتراتیژی (فێربوونـی هاوتەمەنـان و نەخشـەکانی ژیریـی و سـێکوچکەی گوێگرتـن). پۆلـی شەشـەمی (ب) کـە ژمارەیـان (٣٠)، قوتابیـی وەك گرووپـی کۆنترۆڵکـراو بـە ڕێـگا ئاساییەکانی وانەوتنـەوە وانەیـان خوێنـد بـە شـێوەی هەرەمەکیـی دیاریکـران. توێژینەوەکـە هاوتایـی (التكافؤ) دۆزییـەوە لـە نێـوان هـەردوو گرووپـی ئەزمونکاریـی و کۆنترۆڵکـراو بـە بەهەندوەرگرتنـی چەنـد گۆڕاوێـک (تەمـەن، ئاسـتی زیرەکیـی، نمـرەی کۆتایـی سـاڵی پێشـوو لـە بابەتـی بابەتـی مێـژوو، ئاسـتی ئەکادیمیایـی دایبابـی قوتابیـی). توێـژەر تاقیکردنـەوەی لـە جـۆری هەڵبـژاردن لـە چەنـد دانەیـەك ئامادەکـرد کـە بریتیـی بـوو لـە(٢٠) بڕگـە و پشتبەسـت بـە خشـتەی تایبەتمەندێتیی(جـدول المواصفـات)، لـە ڕێـی شـارەزایان و پسـپۆڕانەوە راسـتگۆیی دۆزرایـەوە. جێگیریـی بـە ڕێـگای لەتکـردن بـۆ دوو نیـوەی هاوتـا (طريقـة التجزئـة النصفيـة) دۆزرایـەوە کـە بەهاکـەی یەکسـان بـوو بـە ( ٠,٥٧)، بـە بەکارهێنانـی هاوکێشـەی پێرسـون و، بەهـای جێگیریـی دوای راسـتکردنەوە بـە بـەکار هێنانـی هـاو کێشـەی (سـبیرمان-براون) یەکسـان بـوو بـە (٠,٧٣). ئامـرازە ئامارییەکانـی توێژینەوەکـە بریتیـی بـوون لە(هاوکێشـەی پێرسـۆن، هاوکێشـەی سـبیرمان-براون، هاوکێشـەی (T.test) و کا یسـکوێر). ئەنجامـی توێژینەوەکـەش: جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی بـە دەسـتهات کـە (٠,٠٥)، لـە نێـوان ناوەنـدی ژمێرەیـی ئاسـتی بەدەسـتهێنانی قوتابیـی لـە گرووپـی ئەزمونکاریـی بـە بـەراورد بـە بەدەسـتهێنانی قوتابیـی لـە گرووپـی کۆنترۆڵکـراو، واتـە سـەرکەوتنی گرووپـی ئەزمونکاریـی کـە بـە ئاوێتەکردنـی (٣) سـتراتیژەکە بـە سـەر گرووپـی کۆنترۆڵکـراو بە ڕێـگا بـاوەکان بابەتەکەیان خوێنـدووە.

کلیلە ووشەکان: فێربوونی هاوتەمەنان، نەخشەکانی ژیریی، سێکوچکەی گوێگرتن، ڕێگاباوەکانی وانەوتنەوە.

Recieved: 23/8/2022
Accepted: 18/9/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەكیی

بەهـۆی ئـەو پێشـكەوتنە خێرایانـەی سەرتاسـەری جیهانـی گرتۆتـەوە، كـە سـەردەمی ئێسـتای مرۆڤایەتیـی بـە قۆناغـی شۆڕشـی زانیاریـی ناوزەنـد دەكـەن، ئـەو داهێنـان و گۆڕانكارییانـەی بـواری پەروەردەشـی گرتۆتـەوە. هەمـوو ئەمانـەش وایانكـردووە كۆمەڵگـەكان سیسـتەمێكی پەروەردەیـی نـوێ و گونجـاو پەیـڕەو بكـەن كـە هاوشـانی ئـەو گۆڕانكارییانـە بەرێوەبچێـت. بۆیـە، دەوڵەتانـی پێشـكەوتوو لە پێشـبڕكێدان بـۆ گەشـەپێدانی بە سیسـتەمی پەروەردەیی بـە شـێوەیەكی گشـتگیر، كـە سـەرجەم پێكهێنەرەكانـی پـەروەردە لەخـۆ بگرێـت لەوانـە (پەیـڕەو پرۆگرامـی خوێنـدن، ژینگـەی خوێنـدن، كارامەیـی مامۆسـتا، شـێواز و سـتراتیژ مۆدێـل و تەكنیكی نوێـی فێركـردن، بەكارهێنانـی تەكنەلۆژیایی فێركاریـی، ئامـرازی فێركاریـی نـوێ و بەڕێوەبردنـی سـەركەوتوو...هتد). (سـیوەیلی ،٢٠١٧ :٥)

لـە لایەكـی تـرەوە فەلسـەفەی نوێـی پـەروەردە جەخـت لـە سـەر ئـەوە دەكاتـەوە كـە قوتابیـی تـەوەرەی سـەرەكیی پرۆسـەی فێربـوون بێـت، بـەڵام وانەوتنـەوەی ئاسـایی تێییـدا مامۆسـتا تـەوەرەی سـەرەكیی پرۆسـەی فێركارییـە. قوتابیـی تەنهـا وەرگرێكـی نەرێنییـە بـۆ زانیارییـەكان. مامۆسـتا هەڵدەسـێت بـە خسـتنەڕووی بابەتـە فێركارییەكـە بـەڵام، لـە سـەردەمی پێشـكەوتن و تەكنەلۆژیایـی فێركاریـی و نوێگەرییەكانـی وانەوتنـەوە، جۆرەهـا سـتراتیژ و رێـگای نـوێ بەكاردێـت بـۆ وانەوتنـەوە كـە كاردەكـەن لـە سـەر بونیادنانـەوەی پرۆسـەی فێركاریـی. (بشـارات ، ٢٠١٧ :٢-٣)

زانسـتە كۆمەڵایەتییەكانیـش بـە یەكێـك لـەو بابەتانـەی خوێنـدن دەژمێرێـت، كـە، جێگیـر بـووە لـە نێـو پرۆگرامـی خوێندنـدا، مێـژووش یەكێكـە لـە لقەكانـی بابەتـە كۆمەڵایەتییـەكان، شـوێنێكی گرنگـی هەیـە لـە نێـوان بابەتەكانـی خوێندنـدا، بـە هـۆی سروشـت و گرنگـی كۆمەڵگـە مرۆییـەكان مێـژوو لـەو رووداو و بەسـەرهات و كێشـانەی بـە سـەر ئـەم كۆمەڵـە گەلـە هاتـووە دەكۆڵێتـەوە، بـە دواداچـوون بـۆ گۆڕانكارییـەكان و شـیكردنەوە راڤەكردنـی روداوەكان و هـۆكاری رودانیـان وە ئەنجامەكانیـان دەكات. (قطـاوي، ٢٠٠٧ : ١٩،٢٥،٢١٩)

توێـژەر لـەم توێژینەوەیـەدا هەڵسـاوە بـە ئاوێتـە كردنـی (٣)، سـتراتیژ لـە سـتراتیژە نوێیەكانـی وانەوتنـەوە ئەوانیـش بریتییـن لـە سـتراتیژی فێربوونـی هاوتەمەنـان (إسـتراتیجیةتعلم الاقـران)، سـێكوچكەی گوێگرتـن (إسـتراتیجیەالمثلث الاسـتماع)، سـتراتیژی نەخشـەكانی ژیریـی (إسـتراتیجیة الخرائـط الذهنیـة)، لـە یـەك وانـەدا، بـە مەبەسـتی جۆراوجـۆر كردنـی ئـەو چالاكییانـەی كـە، قوتابیـی پێـی هەڵدەسـێت لەبەرئـەوەی، هەریـەك لـەو سـتراتیژە هەڵبژێردراوانـە قوتابیـی خـودی خـۆی پێـی هەڵدەسـێت، و بـە هـاوكاری هاوەڵەكانـی و، بـەردەوام لـە كارلێـك و جووڵـە و بیركردنـەوە ئەنجامدانــی كاری ژیریـی و دەروونیـی و جوڵەیـی و دەرخسـتنی هاوسـۆزی و گـەڕان بـە دوای زانیاریـی و كاری كرداریـی بـە شـێوەی كۆمەڵـەی بچـوك و خـودی خۆیـان دەگـەن بـە دەرئەنجـام. بـە هـۆی، بوونـی جیاوازیـی تاكـە كەسـیی نێـوان قوتابییـان و سرووشـتی بابەتەكانـی خوێنـدن و ژینگـە ی قوتابیـی، دەركەوتـووە كـە، قوتابییـان بـە یـەك رێـگا و شـێواز فێرنابـن. ئەمـەش وادەكات كـە، قوتابیـی بەشـدار بێـت لـە فێربـوون و حـەز و ئـارەزوو و بۆچوونـی ئەرێنیـی لا دروسـت ببێـت لـە بەرئـەوە، پرۆسـەی فێربـوون بـە شـێوەیەكی جیـاواز لـە وانەوتنەوەكانـی ناوپـۆل بـە رێگا سـادەكان. لـەو سـتراتیژانەی لـە توێژینـەوەی ئێسـتادا بـە كارهاتـووە بریتییـن لـە، سـتراتیژی فێربوونـی هاوتەمەنـان، پێناسـەی كـراوە كـە یەكێكـە لـە سـتراتیژەكانی فیربوونـی كارا( التعلـم النشـط )بەكاردێـت لـە پرۆسـەی فێركـردن و وانەوتنـەوەدا. مامۆسـتا، قوتابییـەكان دابـەش دەكات بـۆ دوو گـرووپ، گرووپـی قوتابییـە ئاسـت بـەرزەكان و گرووپـی قوتابییـە ئاسـت نزمـەكان، بـە جۆرێـك گرووپـی یەكـەم هەڵدەسـێت بـە مەشـق و راهێنـان بـە گرووپـی دووەم، واتـا قوتابییـان هەڵدەسـن بـە هاوكاریـی و یارمەتیـی وانەوتنـەوە بـە هاوڕێكانیـان لـە رێـی بەكارهێنانـی گـرووپ، مامۆسـتا

ئـەم سـتراتیژە پەیـڕەو دەکات لـە نـاو پۆلـدا. (عبدالمجیـد،٢٠١١ :١١)

سـتراتیژی سـێکوچکەی گوێگرتـن (مثلـث الإسـتماعlistesnin triangle )، یەکێکـە لـە سـتراتیژەکانی فێربوونـی کارا(الاسـتراتیجیات التعلـم النشـط )، ئـەم سـتراتیژە هانـی قوتابیـی دەدات بـۆ کارامەیـی قسـەکردن و گوێگرتـن بەهۆی، بەکارهێنانـی گرووپـی سـێ کەسـی. هەرگرووپێـك لـە(٣)، قوتابیـی پێکدێـت دواتـر رۆڵـی هەریـەك لـە ئەندامانـی گـرووپ دیاریدەکرێـت، سـێ، قوتابیەکـە هەریەکەیـان لوتکـەی سـێکوچکەکە پێکدەهێنـن، قوتابیـی یەکـەم، وتەبێـژ و خسـتنە ڕووی بابـەت لـە ئەسـتۆ دەگرێـت یـان بابەتەکـە دەخوێنێتـەوە. قوتابیـی دووەم، گوێگرێکـی چـالاك بـە باشـی گـوێ لـە قوتابیـی یەکـەم دەگرێـت و پرسـیاری لـێ دەکات. قوتابیـی سـێیەم، زانیارییـەکان تۆمـاردەکات و فیدبـاك بـە قوتابیـی (١,٢)، دەدات ئەگـەر پێویسـت بـوو. هەنـگاوی دواتـر مامۆسـتا ئاڵوگـۆڕ بـە رۆڵـی قوتابیـی دەکات. (الشـمري، ٢٠١١:٥٠)

سـتراتیژی نەخشـەکانی ژیریـی (الخرائـط الذهنیـة)، یەکێکـە لـە سـترتیژەکانی فێربوونـی کارا کـە، یارمەتـی قوتابیـی دەدات بـۆ گەشـەکردنی کارامەیـی نوسـین» لـە نەخشـەکانی ژیریـدا پرۆسـە مەعریفییـەکان بەکاردێـت وەك درككـردن، چارەسـەرکردن، هەڵسـەنگاندنی زانیارییـەکان، وەسـفکردن، پۆلێنکـردن، ریزبەندییکردنـی زانیارییـەکان. بەکارهێنانی ئەم سـتراتیژە یارمەتییـدەرە بـۆ کۆکردنـەوەی زانیارییـەکان و گەیاندنـی بـە مێشـکی قوتابیـی بـە ئاسـانی و، بـۆ بەسـتنەوەی بیرۆکـەکان بـە یەکـەوە، هەروەهـا گرنگـە بـۆ بیرهاتنـەوەی زانیارییـەکان بـە ئاسـانی.(العین ،٢٠١٥ :٥)

## بەشی یەکەم / چوارچێوەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە (المشكلةالبحث The problem of the Research ) :

کێشـەی توێژینەوەکـە هەمـان ئـەو کێشـەیە یـە کـە لـە زۆربـەی وولاتانـی جیهـان بوونـی هەیـە، ئەویـش دابەزیـن و لاوازیـی ئاسـتی بـە دەسـتهێنانیی قوتابیـی لـە بابـەت و قۆناغـە جیاجیاکانـی خوێنـدن. توێـژەر بـە هـۆی، گـەڕان و خوێندنـەوە و بـە دواداچـوون لـە سـەر بەشـێك لـە توێژینـەوە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان بـۆ گرفتەکانـی ئاسـتی بەدەسـتهێنان و هۆکارەکانـی دابەزینـی ئاسـتی بەدەسـتهێنانی خوێنـدن لای قوتابیـی زۆربـەی وڵاتانیـی عەرەبیـی و عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان، لـە ئەنجامـی توێژینـەوەوە، لـەم بارەیـەوە چەندیـن توێژینـەوە ئەنجـام دراوە لـە سەرئاسـتی وڵاتانـی عەرەبیـی وەك توێژینـەوەی (بشـارات،٢٠١٧) و (اللـوزي ،٢٠١٨ )، لـە عێـراق وەك توێژینەوەکانـی (الـرکابي،٢٠١٧) و (المصلحـي،٢٠١٩). لـە هەرێمـی کوردسـتان وەك توێژینەوەکانـی (حمەقـاضي ،٢٠١٦ ) و (صابـر ،٢٠١٩) سـەرجەمییان هـاوڕان لـە سـەر دابەزینـی ئاسـتی زانسـتیی و بـە دەسـتهێنانی خوێنـدن لای قوتابیـی بـە گشـتی ، لـە سـەرجەم قۆناغەکانیـی خوێنـدن و لـە سـەرجەم بابەتەکانـی خوێنـدن.

بـۆ دڵنیابوونـی توێـژەر لـەم کێشـەیە دابەزینـی ئاسـتی بەدەسـتهێنان لـە بابەتـی مێـژوو لـە قوناغـی بنەڕەتیـی ڕاپرسـی لـە نێـوان سەرپەرشـتیارانی پەروەردەیـی و مامۆسـتایانی بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان ئەنجامـدا، دەرکـەوت کـە کێشـە و گرفـت هەیـە لـە بەدەسـتهێنانی، قوتابییانـی پۆلـی شەشـەمی بنەڕەتـی لـە بابەتـی مێـژوو، کـە یەکێکـە لـەو بابەتانـەی توێـژەران لـەو بـوارەدا توێژینەوەیـان ئەنجـام داوە دەرکەوتـووە کـە، ئاسـتی بەدەسـتهێنانی خوێنـدن دابەزینـی بەرچـاوی بەخـۆوە بینیـوە. کۆمەڵێـك هـۆکار رۆڵیـان هەیـە لـە سـەر لاوازی ئاسـتی بەدەسـتهێنان یەکێـك لەوانـە بەکارهێنانـی رێـگا و شـێوازە سـادەکانی وانەوتنەوەیـە کـە، جەخـت لـە سـەر رۆڵـی مامۆسـتا دەکات وە رۆڵـی قوتابیـی نەرێنـی و فەرامـۆش کـراوە لەنـاو پۆلـدا. بەکارهێنانـی سـتراتیژە نوێیەکانـی وانـە ووتنـەوە جەخـت لـە سـەر

كار و چالاكیی قوتابیی لە وتنەوەی زۆربەی بابەتەكانی خوێندن و لە قۆناغە جیاجیاكان دەكاتەوە. لە ئەنجامی بە دواداچوونی توێژەر بۆتوێژینەوەكانی لەم بوارە دائەنجام دراون هەریەكەیان یەك ستراتیژ وەك توێژینەوەی (الركابي،٢٠١٧)، (الكناني،٢٠١٩)، یان، دوو ستراتیژ پێكەوە وەك توێژینەوەی (البحرات،٢٠١٣)، (فیاض،٢٠١٥)، توێژینەوەی لە سەر كراوە بۆ زانینی بڕی كاریگەری لە سەر بەدەستهێنانی خوێندنی قوتابیی، ئەویش ئەوەی سەلماندووە كە رۆڵێكی ئەوتۆیان نەبووە لە سەر بەرز كردنەوەی ئاستی بەدەستهێنانی خوێندن وەك توێژینەوەی (ألاشقر،٢٠١٨)، كە جەخت لە سەر كەموكورییەكانی ستراتیژی نەخشەكانی ژیریی دەكاتەوە واتا تەنها یەك رێگا و ستراتیژ لە وانەیەكدا بەس نیە تا، قوتابیی بە باشی فێربن و ئامانجە پەروەردەیی و فێركارییەكان بپێكێت. بەڵام بە دەگمەن توێژینەوە لەسەر ئاوێتە كردنی زیاتر لە ستراتیژێك لە وانەوتنەی رۆژانەدا كراوە، بۆیە، توێژەر ئەوەی لا گەڵاڵە بووە كە چالاكییەكان هەرچەند جۆراوجۆربن توانی قوتابییان باشتر دەبن وە حەز و ئارەزو و پاڵنەرییان بۆ فێربوون زیاتر دەبێت. لەبەر ئەوە توێژەر وای بە باش زانی لە دوو ستراتیژ زیاتر بەكاربهێنێت بۆ وانەوتنەوە وە هەڵسا بە ئاوێتە كردنی سییان لە ستراتیژە نوێیەكای وانەوتنەوە، كە جەخت لە سەر كار و چالاكی قوتابیی لە هەڵوێستە فێركارییەكان دا دەكات و، گرنگیدان بە گەشەی بیركردنەوەیان تۆماربوونی زانیاریەكان لە یادەوەری درێژخایەن و گرنگیدان بە تێگەیشتن نەك تەنها ئەزبەركردنی زانیارییەكان بەجۆرێك قوتابیی تەوەری سەرەكی پرۆسە فێركارییەكان بێت . بۆ ئەوەی بزانێت ئایا كاریگەری ئاوێتەكردنی سێ ستراتیژ چۆن دەبێت؟

## . كێشەی توێژینەوەكە لەرێی ئەم پرسیارەوە دەخاتە ڕوو:

ئایا ئاوێتە كردنی سییان لە ستراتیژە نوێیەكانی وانەوتنەوە لە بابەتی مێژوو كاریگەریی دەبێت لە سەر بەدەستهێنانی خوێندن لای قوتابیی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی ؟

گرنگی توێژینەوەكە (أهميةالبحث The Significance of the research):

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كە ئاوێتەكردنی سێ ستراتیژی وانەوتنەوە لە یەك وانەدا، كە هەرستراتیژێك كۆمەڵێك سیفات و تایبەتمەندیی هەیە دەبێتەهۆی گەشەكردنی زۆرترین لایەنەكانی (مەعریفیی ، سۆزداریی ، دەرونجوڵەیی)، بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و فێركارییەكان رەچاو كردنی جیاوازی تاكەكەسی. چونكە هەر ستراتیژێك جەخت لە سەر بەدیهێنانی چەند ئامانجێكی پەروەردەیی و فێركاریی دەكاتەوە بۆنمونە ستراتیژی فێربوونی هاوتەمەنان دەبێتە هۆی گەشەكردنی قوتابیی لە لایەنی كۆمەڵایەتیی و كەسێتیی و متمانە بە خۆبوون و گیانیی هاوكاریی و هەرەوەزیی بەهۆی، بەشداریی لە گرووپ و وانەوتنەوە بە هاوپۆلەكەی واتا بە ئەندامانی گرووپەكەی. ستراتیژی نەخشەكانی ژیریی دەبێتە هۆی پەرەپێدانی زیرەكیی بینیین و توانای پوختەكردنی زانیارییەكان و لایەنی هونەریی لای قوتابیی بە هۆی بەكارهێنانی وێنە و رەنگ و هێما و رێكخستنییان بە هۆی دروست كردنی نەخشەی ژیریی. ستراتیژی سێكوچكەی گوێگرتن پەرە بە توانای گوێگرتنی ئەرێنی دەدات كاتێك گوێ لە هاوپۆلەكەی دەگرێت لە گروپەكەیدا وە زیرەكیی دەربڕین بەهۆی، خستنەڕووی بابەتەكە بۆ ئەندامانی گروپەكەی یا، خوێندنەوەی كە، ئەویش دەبێتە هۆی گەشەكردنی توانای خوێندنەوە و تێبینی كردن و گەشە كردنی بیریی ڕەخنەگرانە لای قوتابیی بەهۆی پێدانی فیدباك بە هاورێكەی كاتی جێبەجێكردنی ئەم ستراتیژە لە وانەوتنەوەدا. بە گشتی گرنگی توێژینەوەكە خۆی لەخاڵانەدا دەبینێتەوە :

دەگمـەن و کەمـی توێژینـەوەی هاوشـێوە کەسـێ سـتراتیژ ئاوێتـە کرابێـت پێکـەوە لـە یـەك وانـەدا بـە هەمـان گـۆڕاوی پاشـکۆ و هەمـان قۆناغـی خوێنـدن بـە پێـی ئـەو زانیارییانـەی کـە، دەسـتکەوتووە تـا ئێسـتا لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و کتێبخانـە ناوخۆییـەکان .

نوسینی بە زمانی شیرینیی کوردیی دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردیی .

بـە سـودە بـۆ وەزارەتـی پـەروەردە لـە ڕێگـەی ئاوێتەکردنـی سـێ سـتراتیژی وانەوتنـەوە بەکردنـەوەی خولـی ڕاهێنـان بـۆ مامۆسـتایان بـۆ چۆنێتـی بەکارهێنانـی لـە قوتابخانـە و خوێندنگاکانـدا .

مۆدێلێکی زانستی نوێ دەدات بە مامۆستایانی مێژوو لە ئاوێتەکردنی چەند ڕێگایەك بۆ وتنەوەی بابەتی مێژوو.

ڕێـگا دەکاتـەوە لـە بەردەمـی توێـژەران بـۆ ئەنجامدانـی توێژینـەوەی زیاتـر لـە بـواری ئاوێتەکردنی(سـتراتیژ و ڕێگاکانـی)، وانەوتنـەوە .

ئامانجی توێژینەوە (الاهداف البحث Aim of the research)

## ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە :

زانییـن و ئاشـکراکردنی کاریگەریـی ئاوێتەکردنیـی هەرسـێ سـتراتیژی (فێربوونـی هاوتەمەنـان، سـێکوچکەی گوێگرتـن، نەخشـەکانی ژیریـی)، لـە سـەر بـە دەسـتهێنانی خوێنـدن لای قوتابیـی لـە پۆلـی شەشـەمی بنەڕەتـی لـە بابەتـی مێـژوو .

گریمانەی توێژینەوەکەRsearch assumption)    فرضية البحث )

جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی نییـە لـە ئاسـتی بەڵگەداریـی (٠,٠٥)، لـە نێـوان ناوەنـدی ژمێرەیـی نمرەکانـی بـە دەسـتهێنانیی قوتابیـی لـە گرووپـی ئەزمونگەریـی کـە، بابەتـی مێـژوو دەخوێنـن بـە ئاوێتـە کردنـی سـێ سـتراتیژی وانەوتنـەوە، سـتراتیژی (فێربوونـی هاوتەمەنـان و سـێکوچکەی گوێگرتـن و نەخشـەکانی ژیریـی)، و ناوەنـدی ژمێرەیـی نمرەکانـی بـە دەسـتهێنانیی، قوتابیـی لـە گرووپـی کۆنترۆڵکـراو کـە بابەتەکـە دەخوێنـن بـە ڕێـگا باوەکانـی وانەوتنـەوە.

سنوری توێژینەوە (حدودالبحث  Limits of the Research )

سنوری توێژینەوەکە لە مانەی خوارەوە پێکدێت لە :

سـنوری شـوێن : قوتابخانـەی (قامیشـلۆ)ی بنەڕەتـی تێکـەڵاو لـە ناوەنـدی شـاری سـلێیمانی سـەر بـە بەڕێوەبەرێتـی پـەروەردەی ڕۆژئـاوا .

سنوری کات : وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنیی (٢٠٢١-٢٠٢٢)ز.

سـنوری بابـەت : بەشـی (١,٢,٣)، ی بابەتـی مێـژوو لـە پەرتوکـی بابەتـە کۆمەڵایەتییەکانـی پۆلـی شەشـەمی بنەڕەتیـی، چاپـی پانزەهـەم بـۆ سـاڵی (٢٠٢١)، زاییـنـی کـە بڕیـار لـە سـەردراوە لـە لایـەن وەزارەتـی پـەروەردەی هەرێمـی کوردسـتان بۆئـەم قۆناغـە.

سـنوری مرۆیـی: قوتابیـی پۆلـی شەشـەمی بنەڕەتیـی قوتابخانـە حکومییەکانـی ناوەندیـی شـاری سـلێیمانی سـەر بـە هـەردوو بەڕێوەبەرێتـی پـەروەردەی (ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا)، سـەر بـە وەزارەتـی پـەروەردەی هەرێمـی کوردسـتان.

پێناسەی زاراوەکان ( تحديد المصطلحات Definition of the Terms )

کاریگەریی (فعالية - Effect) :

( الشـمري وأل مسـعد ،٢٠١٧)، ئاماژەیـان پێکـردووە لـە (شـحاته والنجـار ،٢٠٠٣)، بـە بەرهەمـی فێرکردنـی خـوازراو یـا

نەخـوازراو، بەدەسـت دەهێنرێـت لـە لایـەن قوتابییـەوە لـە ئەنجامـی پرۆسـەی فێربـوون، بریتییـە لـە بـڕی گۆڕانكاریی بـە دەسـتهاتوو لـە بەدەسـتهێنانی زانیارییەكانـی قوتابیـی. (الشـمري وأل مسـعد ،٢٠١٧ : ٧٥)

كاریگەریی :

پێناسـەی رێكاریـی توێـژەر: بریتییـە لـە رادەی گۆڕانكاریـی لـە ئاسـتی بەدەسـتهێنانی خوێنـدن لـە بابەتـی مێـژوو لـە ئەنجامـی ئاوێتەكردنـی سـێ سـتراتێژی نوێـی وانەوتنـەوە لـە یـەك وانەیەكـدا .

ئاوێتەكردن (مزج ) أو (خلط) أو (دمج-Merging) :

ئاوێتەكردن(مـزج – Blended): لـە رووی زمانەوانییـەوە لـە فەرهەنگـی ئۆكسـفۆرد واتـا شـێوەی هاوڕێـك و تەبایـی لـە پێكهاتەكانـدا تـا پێكهاتەیەكـی نـوێ دروسـت ببێت.(أبومـوسی والصـوص، ٢٠١٢ :٦). پێناسـەی رێكاریـی توێـژەر: بریتییـە لـە بەكارهێنانـی سـێ سـتراتیژی وانەوتنـەوە لـە یـەك وانـەدا بەمەبەسـتی ئەنجامدانـی ئـەرك و چالاكـی جـۆرا و جـۆر و بـە بـەكار هێنانـی ئەوشـێواز و سـتراتیژانەی كـە قوتابیـی كارا بێـت لـە ئەنجامـدا، وە پەیڕەوكردنـی نوێكاریـی لەوانەوتنـەوە بـۆ بەرزكردنـەوەی ئاسـتی بەدەسـتهێنانی خوێنـدن لای قوتابیـی پۆلـی شەشـەمی بنەڕەتـی لـە بابەتـی مێـژوو.

نوێگەریی(المسـتحدثات-Modern Innovation or):المسـتحدث (نـاوە) واتـا نـوێ، لـەرووی زمانەوانییـەوە واتـا داهێنانـی شـتێكی نـوێ كـە، پێشـتر نەبـووە. (فەرهەنگـی وسـیط، ئینتەرنێـت)

نوێگەرییەكانـی وانەوتنـەوە: بریتییـە لـە هەرشـتێكی نـوێ یـا نوێكاریـی لـە ئامێـر و ئامرازەكانـی فێركـردن و رێگاكانـی وانەوتنـەوە، تیـۆرەكان، رێـگای دیزاییـن كـردن و بەرنامـەكان و بەكارهێنانەكانـی بـۆ هاوكاریكردنـی پرۆسـەی فێركـردن. (حكمي،٢٠٢٠٠ :١٠)

پێناسـەی رێكاریـی توێـژەر: بریتییـە لـە بەكارهێنانـی تەكنیـك و ئاوێتەكردنـی سـێ سـتراتیژ و رێـگا و شـێوازە نوێیەكانـی فێركـردن ئەنجامدانـی چالاكـی و بەكارهێنـان و ئامرازەكانـی فێركـردن بەمەسـتی جێبەجێكردنـی ئامانجـە پەروەردەیـی و فێركارییـەكان بـۆ ئـەو بـەش و بابەتانـەی كـە، لـەم توێژینەوەیـە دیاریكـراوە .

مێـژوو (التاریـخ History -): (جاسـم، ٢٠١٥)، لـە (عبـد الصاحـب وجاسـم،٢٠١٢)، ئامـاژەی كـردووە بـە: تۆمـاری پێشـكەوتنەكانی كۆمەڵگـە مرۆییەكانـە بایـەخ بـە لێكۆڵینـەوەی مـرۆڤ لـە رابـردوو و بیروڕاكانـی دەدات، واتـا گرنگـی دەدات بـە پەیوەندییەكانـی و رەفتارەكانـی و كێشـەكانی و چاودێـری دروسـت بـوون و پێشـكەوتنەكانیی و ئەنجامەكانیی.(جاسـم ،٢٠١٥ :٢٢٢)

مێـژوو: پێناسـەی (خـضر، ٢٠٠٦): «مێـژوو هەمـوو ئەوانەیـە كـە، وتـراوە یاخـود كـراوە هـەر لـە سـەرەتای بوونـەوە هەتـا وەكـو كاتی ئێسـتا، چـیرۆكی زەوی و كارلێككـردنی بەردەوامـی نێـوان مـرۆڤ و شـوێن و كات دەنوێنێت».(خـضر، ٢٠٠٦، ٣٧)

پێناسـەی رێكاریـی توێـژەر: بریتییـە لـە تۆمـاری رابـردووی مـرۆڤ و كۆمەڵگـە مرۆییـەكان و شارسـتانیەتەكانیان، لیكۆڵینـەوە و راڤەكردنـی رووداوەكانـی رابـردوو بـە مەبەسـتی خزمەتكردنـی نەوەكانـی داهاتـوو تـا، ئاگاداربـن لـە رابـردوو و سـودی لێوەربگیرێـت بۆداهاتـوو.

بەدەسـتهێنانی خوێندن(التحصیـل الـدراسي- Academic Achievement):(أبـو جـادو،٢٠٠٣)، پێناسـەی كـردووە بـە: بـڕی فێربونـی فێرخـواز پـاش تێپەڕبونـی ماوەیەكـی دیاریكـراو، بـە نمـرە پێوانـە دەكرێـت لـە رێـگای ئەنجامدانـی تاقیكردنـەوە بـۆ زانینـی رادەی سـەركەوتنی سـتراتیژ و پلانی مامۆسـتا بە مەبەسـتی گەیشـتن بـە ئامانجە دیاریكـراوەكان.

(أبـو جـادو ،٢٠٠٣ :٢٨)

بەدەسـتهێنانی خوێنـدن: بریتییـە لـە رادەی گەنجینەکردنـی قوتابیـی لـەوەی فێریبـووە لـە شـارەزایی لـە پرۆگرامـە دیاریکراوەکانـی خوێنـدن، وە پێوانـە دەکرێـت بـە نمـرە لـە رێـی تاقیکردنـەوەی بەدەسـتهێنان .(اللقـائي والجمـل ،١٩٩٩:٤٧)

پێناسـەی رێکاریـی توێـژەر :بریتییـە لـە بـڕی دەسـتکەوتی قوتابیـی لـە بابەتـە فێرکارییـەکان کـە، بـە دەسـتیهێناوە کـە، لـە توێژینەوەکـەدا دیاریکـراوە، وە بـە نمـرە پێوانـە دەکرێـت کـە لـە رێـی ئەنجامدانـی تاقیکردنـەوەی قوتابیـی توێـژەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئامـادەی کـردووە .

بەشی دووەم / توێژینەوەکانی پێشوو :

توێژینەوەی(عماري و بوراس ،٢٠٢٠) :

ئـەم توێژینەوەیـە بـە ناونیشانی(أثراسـتراتيجية الخريطـة الذهنيـة عـلى التحصيـل الـدراسي في مـادة الاجتماعيـات لـدى تلاميـذ السـنة الثالثـة متوسـط- بالـوادي). ئامانجی ئـەم توێژینەوەیـە ئاشـکراکردنی کاریگەریی نەخشـەکانی ژیریـی لـە سـەر بەدەسـتهێنانی خوێنـدن لـە بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان لای قوتابیـی لـە پۆلـی سـێیەمی ناوەندیـی، میتـۆدی ئەزمونگەریـی بەکارهێنـاوە، سـامپڵی توێژینەوەکـەی بە شـێوەی مەبەسـتدار هەڵبـژاردووە کـە، پێکهاتبوو لـە (٢٠)، قوتابیـی کـوڕ و کـچ، تاقیکردنـەوەی پێشـەکی و پاشـەکی بـۆ بەدەسـتهێنانی خوێنـدن بەکارهێنـاوە لـە بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان، بەرنامـەی (SPSS)ی بەکارهێنـاوە لـە شـیکردنەوەی داتـاکان، ئـەو ئەنجامانـەش کـە، بەدەسـتیهێناوە بریتییـە لـە:

- جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی نییـە لـە نێـوان ناوەنـدی ژمێرەیـی گرووپی ئەزمونکاریـی و گرووپـی کۆنترۆڵکراو لـە تاقیکردنـەوەی پێشـەکی لـە نمرەی بەدەسـتهێنان لـە بابەتـە کۆمەڵایەتیەکان.
- جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی هەیـە لـە نێـوان ناوەنـدی ژمێرەیـی ئاسـتی بەدەسـتهێنان لـە تاقیکردنـەوەی کۆتایـی لـە نێـوان گرووپـی ئەزمونکاریـی و گرووپـی کۆنترۆڵکـراو لـە بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان.

توێژینەوەی (ابراهيم ،٢٠١٩) ، قاهیرە - میسر:

بـە ناونیشـانی(فعالية الدمـج بعـض اسـتراتيجيات النظريةالبنائيـة في التدريـس الدراسـات الاجتماعيـة في تنميـة التفكيرالايجـابي و تقديـر الـذات لـدى تلاميـذ المرحلـة ألاعداديـة).

ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیــە ئاشــکراکردنی کاریگەریـی ئاوێتەکردنــی هەندێـك لــە ســتراتیژەکانی بیــردۆزی بونیادیــی لــە ســەروتنەوەی بابەتــە کۆمەڵایەتییــەکان لــە گەشــەپێدانی بیرکردنــەوەی ئەرێنیــی و رێزگرتنــی خودیـی لای قوتابیـی پۆلـی دووەمـی ئامادەیـی. میتـۆدی وەسـفی بۆوەڵامـی پرسـیارەکانی(١,٢,٣)، کـە، تایبەتـە بـە بیرکردنـەوەی ئەرێنیـی و رێزگرتنـی خـود، میتـۆدی ئەزمونکاریـی بـۆ وەڵامـی پرسـیارەکانی(٤,٥,٦)، بەکارهێنـا کـە، تایبـەت بـوو بـە پێوانـی کاریگەریـی دوو بەشـی ئەزمونکاریـی دیزایینکـراو بـە هەندێـك لـە سـتراتیژەکانی بونیادنـان لـە سـەرپەرەپێدانی کارامەیـی بیرکردنـەوە و ڕێزگرتنـی خـود.

دیزایینــی ئەزمونکاریــی بەکارهێنابــوو بۆتوێژینــەوە کــە، بریتیــی بــوو لــە دوو گرووپی(ئەزمونکاریــی و کۆنترۆڵکـراو)ی هاوتـا. کۆمەڵگـەی توێژینـەوە کـە بریتیـی بـوو لـە قوتابیـی پۆلـی پێنجەمـی ئامادەیـی، وە سـامپڵی توێژینەوەکـە بریتیـی بـوو لـە قوتابیـی پۆلـی پێنجـەم لـە قوتابخانەی(محمدعەبـدە)ی ئامادەیـی کـوڕان لـە قاهیـرە. ئەنجامەکانیـی بـە دەسـتهاتووە بریتیـی بـوو لـە جیاوازیـی لـە ناوەنـدی نمـرەکان لـە جێبەجێکردنـی

تاقیکردنەوەیـی  پێشـەکی و ناوەندیـی نمرەکانـی لـە جێبەجێکردنیـی تاقیکردنەوەیـی پاشـەکی هەبـوو. ئامـاژەی ئاماریـی لـە ئاسـتی بەڵگەداریـی(٠,٠٥)، کـە، ئەمـەش ئەنجامـی ئاوێتەکردنـی نێـوان سـتراتیژەکانی  بیـردۆزی بونیادنـان بـوو. کـە، هۆکارەکـەی بـۆ کارلێکـی ئەرێنـی نێـوان مامۆسـتا و قوتابیـی وە نێـوان قوتابییـەکان دەگەڕێتـەوە، بـوو بـە هـۆی دەسـتەبەرکردنی کەشـێکی پـڕ سەربەسـتی و هەرەوەزیـی و بەشـداریی چـالاك و راگۆڕکـێ، قبوڵکردنیـی رەخنـە کـە، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی گەشـەکردنیی کارامەیـی بیرکردنـەوەی ئەرێنیـی لای قوتابیـی گرووپـی ئەزمونگەریـی.

### توێژینەوەی (الكناني ، ٢٠١٩ ) ، بەغداد – عێراق :

ئـەم توێژینەوەیـە بـە ناونیشـانی(أثر اسـتراتيجية مثلـث الاسـتماع في تحصيـل مـادة الاجتماعيـات لـدى طلبةالصـف الثـاني المتوسـط). ئامانجیـی ئـەم توێژینەوەیـە زانینـی کاریگەریـی سـتراتیژیی سـێکوچکەیی گوێگرتـن لـە سـەر بەدەسـتهێنان لـە، بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان لای قوتابیـی لـە پۆلیـی دووەمـی ناوەنـدی  .

توێـژەر میتـۆدی ئەزمونکاریـی بەکارهێنـاوە، سـامپڵی توێژینەوەکـە ژمارەیـان(٦٠)، قوتابیـی بـوو، تاقیکردنەوەیی کۆتایـی بەکارهێنـاوە بـۆ پێوانیـی ئاسـتیی بەدەسـتهێنان کە، ژمـارەی بڕگەکانیـی(٣٠)، بڕگـە بـوون. لەوئەنجامانەیی بەدەسـتیهێنا، بەکارهێنانیـی سـتراتیژیی سـێکوچکەیی گوێگرتـن چێـژ بـە وانەکـە دەبەخشـێت و دەبێتـە هـۆی زیـاد بوونیـی پاڵنـەری فێربـوون، ئەمـەش کاردەکاتـە سەرباشـتکردنی ئاسـتیی بەدەسـتهێنانی خوێنـدن، هەروەهـا دەبێتـە هـۆی زیـاد کردنـی متمانـە بـە خۆبـوون بـە وانیـترلای قوتابیـی .

توێژینەوەی (ألبحرات ، ٢٠١٣ )، عەمان – ئەردەن:

بەناونیشـانی(تقديم التعلـم باسـتخدام اسـتراتيجيتي ألاقـران والمناظـرة وأثـره  في التحصيـل والتفكـير الاسـتقرائي في مـادة التربيـة الاجتماعيـة للصـف السـادس الاسـاسي). ئامانجیـی ئـەم توێژینەوەیـە زانینیـی کاریگەریـی پێشکەشـکردنی فێربـوون بـە بەکارهێنانیـی هـەردوو سـتراتیژیی (هاوتەمەنـان و رووبـەڕوو)، و کاریگەریـی لـە سـەر بەدەسـتهێنان و بیرکردنـەوەی هەڵهێنجانـی لـە بابەتیـی پەروەردەیـی نیشـتیمانیی لای قوتابیـی پۆلـی شەشـەمی بنەڕەتـی .

میتـۆدی نیمچـە ئەزمونکاریی(شـبەالتجريبي)، بەکارهێنـا، ئەویـش بـە بەکارهێنانـی(٣)، گـرووپ بـۆ جێبەجێکردنیـی توێژینەوەکـە ئەویـش(٢)، گرووپـی ئەزمونکاریـی و(١)، گرووپـی کۆنترۆلکـراو، گرووپیـی یەکـەم ژمارەیـان (٢٠)، قوتابیـی بـوو بـە سـتراتیژی فێربوونیـی هاوتەمەنـان وانەیـان خوێنـد ، گرووپیـی دووەم ژمارەیـان (١٨)، قوتابیـی بـە سـتراتیژی رووبـەڕوو وانەیـان خوێنـد، گرووپیـی سـێیەم ژمارەیـان(٢٠)، قوتابیـی بـە ڕێـگای ئاسـایی و باوەکانـی وانەوتنـەوە وانەیـان خوێنـد.

لـە گرنگتریـن ئەنجامەکانیـی توێژینەوەکـە بریتیـی بـوو لـە کاریگەریـی بەکارهێنانیـی هەردووسـتراتیژیی (فێربوونـی هاوتەمەنـان و رووبـەڕوو) لـە سـەرقوتابیی و مامۆسـتاش لـە هەڵوێسـتە فێرکارییەکانـدا بـووە بـە بـەراورد بـە فێربوونیـی ئاسـایی و بـە هەمـان شـێوە بـۆ بیرکردنـەوە دەبێتـە هـۆی باشـتربوونیی توانـا عەقڵیەکانیی قوتابیـی بـە هۆیـی هەرەوەزیـی نێـوان قوتابییـەکان و بەشـداریی چالاکانـەی قوتابیـی لـە جێبەجێکردنیـی ئەرکـەکان و هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارێتی، کـە، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی کارلێکیـی زیاتـر لـە نێـوان قوتابیـی و پشـت بەسـتنی ئەرێنیـی و ئاڵوگـۆڕ کـە، کاردەکاتـە سـەر بەرزبوونـەوەی  ئاسـتی بەدەسـتهێنان .

## سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو

توێژەر سودی وەرگرتووە لە توێژینەوەکانی پێشوو لەم لایەنانەی خوارەوە:

لەرووی تیۆرییەوە: توێژەر سودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە بۆ ئامادەکردنیی ئەم توێژینەوەیە لە رووی (میتۆد و هەنگاوەکان و رێکارە زانستییەکان کە، بریتییە لە پلانیی توێژینەوەکە و دیاریکردنی بەش و تەوەر و باسەکان و دیزایینیی توێژینەوەکە و هاوتایی نێوان گرووپەکان).

لەرووی بەکارهێنانیی کەرەستە و ئامرازە ئامارییەکان و شیکردنەوەیی داتاکان و خستنەڕووی دەرئەنجامەکان .

بۆ چۆنێتی دەرهێنانی راستگۆیی و جێگیریی (نەگۆڕیی)ی ئامرازی توێژینەوەکە .

بەشی سێیەم / رێکارییەکانی توێژینەوەکە:( Research Procedures)

میتۆدی توێژینەوە(Methode Research) :

بەپێی سروشتیی توێژینەوەکە و بە مەبەستی بەدیهێنانیی ئامانجیی توێژینەوەکە توێژەر میتۆدی نیمچە ئەزموزگەریی بە دوو گرووپی هاوتا و سەربەخۆ بە تاقیکردنەوەی کۆتایی لە توێژینەوەکەدا کە، گونجاوە وەکو دیزایین بۆ توێژینەوەکە بەکارهێنا. میتۆدی ئەزمونگەریی بەوە ناسراوە کە، بڕیاردەدات لە سەرهۆکارە کاریگەرە جیاوازەکان لە سەر ئەو دیاردەیەی کە، مەبەستە لێکۆڵینەوەی لە سەربکرێت. (هادي،٢٠١٣:١٤٨)

کۆمەڵگەیی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابیی لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومییەکانی ناوەندی شاری سلێیمانی سەر بە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی (رۆژهەلات و رۆژئاوا )، کە، ژمارەیان دەکاتە * (١٦٢٥٨)، قوتابی لە* ٢٤٨))، قوتابخانە دا.

## نمونەی توێژینەوەکە :

(هادي،٢٠١٣)، لە (أبوحويج،٢٠٠٠)، ئاماژەی کردووە کە، نمونەی توێژینەوە بریتییە لە وەرگرتنی گرووپێك لە کۆمەڵگەیەك هەمان سیفات و تایبەتمەندیی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، ئامانج لێی کارئاسانی و دواتر گەشتاندنیی ئەنجامیی توێژینەوەکە بە سەر کۆمەڵگە گەورەکەدا. (هادي،٢٠١٣ :١٤٩). قوتابییەکانی قوتابخانەی (قامیشلۆ)ی بنەڕەتی لە ناوەندی شاری سلێیمانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەیی رۆژئاوا کە، بەشێوەی مەبەستدار وەك نمونەیی توێژینەوەکە هەڵبژێردرا، دەرکەوت کە(٢)، پۆلی شەشەمی بنەڕەتی تێدایەژمارەیان(٦٣)، قوتابیی بوو(٣)، قوتابیی دوور خرایەوە بۆ ئەژمارکردنی ئەنجامیی توێژینەوەکە بەهۆی ئەوەیی دووەمساڵیان بوو لە پۆلی شەشەم. مایەوە (٦٠)، قوتابیی کە دابەش بوون بەسەردوو پۆل (ا) و (ب)دا، هەر پۆلێك(٣٠)، قوتابیی لە خۆگرتبوو، پۆلی شەشەمی(ا)، وەك گرووپی ئەزمونکاریی و پۆلی شەشەمی (ب)، وەك گرووپی کۆنترۆڵکراو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردرا.

هاوتا کردنی گرووپەکانی توێژینەوە(تكافوء مجموعتي البحث Equivalent of The Research Groups

بۆ دڵنیابوون لە هاوتابوونیی نێوان هەردوو گرووپی (ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو)توێژەر هەندێك گۆڕاویی هەڵبژارد بە سود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو لەم بوارەدا ئەنجام دراون وەك (تەمەنی قوتابیی، ئاستی زیرەکیی قوتابیی، ئاستی بەدەستهێنانی قوتابیی لە ساڵی رابردوو ، ئاستی ئەکادیمیایی دایبابی قوتابیی (خوێندنی دایك و باوك)، بەم شێوەیەی خوارەوە :

١.تەمەنی قوتابیی( العمرالزمني):

بـە مەبەسـتیی زانینـی رادەی هاوتایـی نێـوان تەمەنـی قوتابیـی هـەردوو گرووپـی ئەزمونـكاری و كۆنترۆڵكـراو، لـە رێـی فۆرمێكـەوە كـە، دروسـت كرابـوو بـە مەبەسـتی وەرگرتنـی بـەرواری لـە دایكبوونـی هـەر، قوتابیـەك بـە رۆژ و مانـگ و سـاڵ لـە هەرگرووپێـك، دواترئەژماركردنـی تەمەنـی قوتابیـی بـە مانـگ تاوەكـو ٢٠٢٢/٢/١ كـە، سـەرەتای دەسـتپێكردنی ئەزمونەكەبـوو. پاشـان بـە مەبەسـتی زانینیـی هاوتایـی نێـوان هـەردوو گرووپـی توێژینەوەكـە توێـژەر هەڵسـا بـە دیاریكردنیـی هەبـوون یـا، نەبوونیـی جیاوازیـی لـە نێـوان تەمەنـی قوتابیـی بـە بەكارهێنانـی هاوكێشـەی (T.test)، كـە، یەكێكـە لـە ئامرازەكانـی ئاماریـی ئیسـتیدلالی كـە، چارەسـەری داتـاكان دەكات یارمەتیـدەرە بۆگەیشـتن بـە ئەنجـام. (السـردي،٢٠١٢:٥٥)، بەكارهێنانـی هاوكێشـەی (ت)، پـاش دەرهێنانـی ناوەنـدی ژمێرەیـی و لادانـی پێوەریـی هاوتایـی هـەردوو گـرووپ دەركـەوت. بەهـای (ت)ی ئەژماركـراو و زانیارییـەكان بەوشـێوەیەی كـە، لەخشـتەی(١)، خراوەتـەروو:

* توێـژەر ژمـارەی قوتابیـی و فوتابخانەكانیـی هـەردوو پـەروەردەی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا لەبەشـی پلانـی پـەروەردە وەرگرتـووە.

خشتەی ژمارە (١)

بەراوردی گۆڕاوی تەمەن بە (ساڵ) لە نێوان گرووپی ئەزمونكاریی و كۆنترۆڵكراو

| گرووپ | قەبارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) ئەژمار كراو | بەهای (ت) نمرەی ئازادیی | ئاستی بەڵگەداریی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونكاریی | 30 | 12.7 | 0.58 | 0.991 | 58 | ٠,٣٢٦ | بەڵگەداریی نییە |
| كۆنترۆڵكراو | 30 | 11.93 | 0.49 | | | | |

لـە خشـتەی ژمـارە (١)، روونـی دەكاتـەوە جیاوازیـی تەمـەن بـە سـاڵ لـە نێـوان هـەردوو گرووپـی ئەزمونكاریـی و كۆنترۆڵكـراو دەردەكەوێـت، تەمەنـی گرووپـی ئەزمونكاریـی بریتییـە لـە (١٢,٧)، سـاڵ لـە كاتێكـدا تەمەنـی گرووپـی كۆنترۆڵكـراو بریتییـە لـە (١١,٩٣)، سـاڵ كـە، دەردەكەوێـت جیاوازییەكـی زۆری نییـە بـۆ پشتبەسـتن بـە بوونـی جیاوازیـی پشـت دەبەسـتین بـە بەهـای ئەژماركـراوی (ت)، كـە (T.Test)، یەكسـانە بـە (٠,٩٩١)، هەروەهـا بەهـای ئاسـتی بەڵگەداریـی (P-value)، دەكاتـە (٠,٣٢٦)، سـەرئەنجام دەردەكەوێـت جیاوازییەكـی ئاماریـی بەڵگـەدار نییـە لـە تەمـەن بـە (سـاڵ)، لـە نێـوان هـەردوو گرووپـی ئەزمونكاریـی و كۆنترۆڵكـراو لەبەرئـەوەی، بەهـای ئاستیی بەڵگەداریی (P-value)، دەكاتـە (٠,٣٢٦)،كـە گەورەتـرە لـە ئاسـتیی بەلگەداریـی (٠,٠٥).

ئاستی زیرەكیی قوتابیی :

چەمكـی زیرەكیـی دەگەڕێتـەوە بـۆ توانـا ئەقڵییەكانـی مـرۆڤ كـە، یارمەتیـی دەدات بـۆ فێربـوون و یادكرنەوەیـی زانیارییـەكان بەكارهێنانـی بـە رێـگای گونجـاو، گەیشـتن بـە چارەسـەری گونجـاو بـۆ كێشـە جیاجیـاكان و دەركردنـی بڕیـار و ئاشـكراكردنی لێكچـون و جیاوازیـی لـە نێـوان شـتەكان. (حسـێن، ٢٠١٤ :١٣)

لەبەرئـەوەی، ئاسـتی زیرەكیـی قوتابیی كاریگەریـی هەیـە لـە سـەر ئاسـتی بەدەسـتهێنان بـۆ دڵنیابـوون لـە دروسـتی توێژینەوەكـە كـە، كۆنترۆڵكردنـی ئـەم گۆڕاوەتوێـژەر تاقیكردنـەوەی (راڤـن Raven)، لـە جـۆری رەنـگا و رەنـگ و(٣٦)،

پرسیار لە خۆ گرتوە و شیاوە بۆ تەمەن تاوەکو (١٢)، ساڵ واتا شیاوە بۆ نمونەی ئەم توێژینەوەیە، پاش ئەنجامدانی وەڵامەکانی هەردوو گرووپ پشکنین بۆ وەڵامەکان کراپشت بەست بە کلیلی وەڵامی نمونەیی پێوەرەکە. پاشان توێژەر بە مەبەستی زانینیی رادەی هاوتایی لە نێوان هەردوو گرووپ توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی دەرهێناوە هاوکێشەی (T.test)ی بەکارهێنا بۆ دۆزینەوەی بەهای(ت)ی، ئەنجامەکان بەو شێوەیە بوو کە، لەخشتەی ژمارە (٢)، روونکراوەتەوە :

خشتەی ژمارە(٢)

بەراوردی گۆراوی نمرەی ئاستی زیرەکی قوتابیی لەنێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو

| گرووپ | قەبارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) ئەژمارکراو | نمرەی ئازادیی | ئاستی بەڵگەداریی P-value | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونکاریی | 30 | 25.967 | 6.35 | 0.593 | 58 | 0.556 | بەڵگەداریی نییە |
| کۆنترۆڵکراو | 30 | 25.033 | 5.84 | | | | |

لە خشتەی ژمارە(٢)، روونی دەکاتەوە جیاوازیی گۆڕاوی نمرەی ئاستی زیرەکیی قوتابیی لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزموونکاریی و کۆنترۆڵکراو دەردەکەوێت تێکرایی نمرەی ئاستی زیرەکیی لە گرووپی ئەزمونکاریی بریتیە لە (٢٥,٩٦٧)، نمرە لە کاتێکدا تێکرایی نمرەی ئاستی زیرەکیی لە ئاستی زیرەکیی گرووپی کۆنترۆڵکراو بریتیە لە (٢٥,٠٣٣)، نمرەکە دەردەکەوێت جیاوازیەکی زۆری نییە بۆ پشت بەست بە بوونی جیاوازیی پشت دەبەستین بە بەهای ئەژمارکراوی (ت) کە، (T-Test)، یەکسانە بە (٠,٥٩٣)، هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداریی (P-value)، دەکاتە (٠,٥٥٦)، سەرئەنجام دەردەکەوێت جیاوازییەکیی ئاماریی بەڵگەدار نییە لە گۆڕاوی ئاستی زیرەکیی لە نێوان هەردوو گرووپیی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو لەبەرئەوەی، بەهای ئاستی بەڵگەداریی (P-value)، دەکاتە (٠,٥٥٦)، کە، گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥).

## ئاستی ئەکادیمیایی دایبابانی هەردوو گرووپ:

توێژەر ئاستی ئەکادیمییایی دایکان و باوکانی هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراوی دیاریکرد لە نزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاست بەم شێوەیە (نەخوێندەوا، بنەڕەتیی، ئامادەیی، پەیمانگا، زانکۆ و بۆ سەرەوە)، پاشان نمرە درا بە هەرئاستێك، بە جێبەجێکردنی هاوکێشەی کای سکوێر()، بۆهەردوو گرووپەکە وەك لە خشتەی ژمارە(٣)، دا خراوەتە روو:

خشتەی ژمارە (٣)

پەیوەندی  نێوان ئاستی ئەکادیمایی دایك و باوکانی هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو

| | گرووپەکان | ئاستی ئەکادیمیایی | | | | | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار | بنەڕەتی | ئامادەیی | پەیمانگا | زانکۆ و بۆسەرەوە | |
| دایك | ئەزمونكاریی | 5 | 5 | 7 | 8 | 5 | 30 |
| | ٪لە سەرجەم | ٪8.3 | ٪8.3 | ٪11.7 | ٪13.3 | ٪8.3 | ٪50.0 |
| | کۆنترۆڵکراو | 5 | 8 | 5 | 6 | 6 | 30 |
| | ٪لە سەرجەم | ٪8.3 | %13.3 | ٪8.3 | ٪10.0 | ٪10.0 | ٪50.0 |
| | کۆی گشتی | 10 | 13 | 12 | 14 | 11 | 60 |
| | ٪لەسەرجەم | ٪16.7 | ٪21.7 | ٪20.0 | ٪23.3 | ٪18.3 | ٪100.0 |
| | تاقیکردنەوەی (Chi-square-Test | | 1.402 | p-valueئاستی بەڵگەداریی | | | 0.844 |

| | | ئاستی ئەکادیمیایی | | | | | 30 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار | بنەڕەتی | ئامادەیی | پەیمانگا | زانکۆ و بۆسەرەوە | |
| | ئەزمونكاریی | ٥ | 8 | 6 | 6 | 5 | |
| | ٪لە سەرجەم | ٪8.3 | ٪13.3 | ٪10.0 | ٪١٠,٠ | ٪٨,٣ | ٪50.0 |
| | کۆنترۆڵکراو | 6 | 7 | 6 | 6 | 5 | 30 |
| | ٪لە سەرجەم | ٪ 10.0 | ٪11.7 | ٪١٠,٠ | ٪١٠,٠ | ٪٨,٣ | ٪50.0 |
| | سەرجەم | 11 | 15 | 12 | 12 | 10 | 60 |
| | %لەسەرجەم | ٪18.3 | ٪25.0 | ٪20.0 | ٪٢٠,٠ | ٪16.7 | ٪100.0 |
| باوك | Chi-square-Test تاقیکردنەوەی کای سکوێر | | 0.158 | p-value ئاستی بەڵگەداری | | | 0.997 |

خشتەی(٣)، روونیی دەکاتەوە پەیوەندیی نێوان ئاستی ئەکادیمیی دایك و باوکانی قوتابیی لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو. دەردەکەوێت پەیوەندیی ئاستی ئەکادیمیی دایک و باوک کە، بریتییە لە ئاستی (نەخوێندەوار، بنەڕەتیی، ئامادەیی، پەیمانگا، زانکۆ و بۆ سەرەوە) لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Chi-Squar-Test)، سەرئەنجام دەردەکەوێت جیاوازیەکیی (پەیوەندیەک)ی ئاماریی بەڵگەداریی نییە لە نێوان ئاستی ئەکادیمی دایک کە بریتیە لە ئاستی (نەخوێندەوار، بنەڕەتیی، ئامادەیی، پەیمانگا، زانکۆ و بۆ سەرەوە) بە بەراورد لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو چونکە بەهای ئاستی بەڵگەداریی (P-value)، دەکاتە (٠,٨٤٤)، گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥)، هەروەها جیاوازییەک (پەیوەندییەک)ی ئاماریی بەڵگەداریی نییە لە نێوان ئاستی ئەکادیمیی باوک کە، بریتییە لە ئاستیی (نەخوێندەوار، بنەڕەتیی، ئامادەیی، پەیمانگا، زانکۆ و بۆ سەرەوە) بە بەراورد لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونکاریی و کۆنترۆڵکراو چونکە، بەهای ئاستیی بەڵگەداریی (P-value)، دەکاتە (٠,٩٩٧) کە، گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥).

نمرەی ساڵی پێشوو :

نمرەی ساڵی پێشووی قوتابیی هەردوو گرووپ لە بابەتی مێژو و لە تۆماری قوتابخانە وەرگیرا. پاشان توێژەر بە مەبەستی زانینی رادەی هاوتایی لە نێوانیاندا. توێژەر ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەكانی هەر دوو گرووپ دەرهێنا بە بەكارهێنانی هاوكێشەی(ت)، (t.Test)، و بەهای(ت)ی خشتەیی دەرهێنا وەك لە خشتەی ژمارە (٤)، خراوەتە روو.

خشتەی ژمارە (٤)

بەراوردی گۆڕاوی نمرەی ساڵی پێشوو، قوتابیی لە بابەتی مێژوو لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونكاریی و كۆنترۆڵكراو

| گرووپ | قەبارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | ئاستی بەڵگەداریی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژماركراو | نمرەی ئازادیی | | |
| ئەزمونكاریی | 30 | 86.367 | 8.767 | 0.983 | 58 | 0.33 | بەڵگەداری نییە |
| كۆنترۆڵكراو | 30 | 83.367 | 14.228 | | | | |

خشتەی ژمارە (٤)، روونی دەكاتەوە جیاوازیی گۆڕاوی نمرەی ساڵی پێشووی، قوتابیی لە بابەتی مێژوو لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونكاریی و كۆنترۆڵكراو دەردەكەوێت تێكرایی نمرەی ساڵی پێشوویی، قوتابیی لە بابەتی مێژوو لە گرووپی ئەزمونكاریی بریتیە لە (٨٦,٣٦٧)، نمرە لە كاتێكدا تێكرایی نمرەی ساڵی پێشووی، قوتابیی لە بابەتی مێژوو لە گرووپی كۆنترۆڵكراو بریتییە لە (٨٣,٣٦٧)، نمرەكە دەردەكەوێت جیاوازیەكی زۆری نییە بۆپشت بەست بە بوونی جیاوازیی پشت دەبەستین بە بەهای ئەژمار كراوی (ت) كە، (T-Test)، یەكسانە بە (٠,٩٨٣)، هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداریی (P-value)، دەكاتە (٠,٣٣)، سەر ئەنجام دەردەكەوێت جیاوازیەكیی ئاماریی بەڵگەدار نییە لە گۆڕاوی نمرەی ساڵی پێشووی، قوتابیی لە بابەتی مێژوو لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزمونكاریی و كۆنترۆڵكراو لەبەرئەوەی، بەهای ئاستی بەڵگەداریی(P-value)، دەكاتە (٠,٣٣)، كە، گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداریی(٠,٠٥).

## پێداویستییەكانی توێژینەوەكە (مستلزمات البحث)

پێداویستییەكانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە :

دیاریكردنی بابەتی خوێندن(تحدید المادة‌العلمیة): دیاریكردنی(٣)، بەش كە بریتیین لە بەشی(یەكەم، دووەم، سێیەم) لە بابەتە مێژوویییەكان لە پەرتوكی بابەتە كۆمەڵایەتییەكان، چاپی پانزەهەم ساڵی(٢٠٢١)ز بڕیار لە سەر دراو لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ پۆلی شەشەم .

دارشتنی ئامانجە رەفتارییەكان (صیاغةالاهداف السلوكیةFormation of Behaviorol Objectives:

ئامانجە رەفتارییەكان بریتییە لەو رەفتارانەی كە، پێشبینی دەكرێت قوتابیی ئەنجامی بدات لە ئەنجامی فێربوون و خوێندنی بابەتێكی دیاریكراو.(لافی، ٢٠١٢:٧٩). سودی ئەم ئامانجانە بۆمامۆستا؛ وەك رێبەرێك وایە بۆپرۆسەی پلاندانان و بۆدانانی پرسیارەكانی تاقیكردنەوە بەسودە، هەروەها بۆ بەش بەش كردنی ناوەرۆكیی

بابەتـی خوێنـدن بـۆ چەنـد بەشـێکی بچـوك. (سـعادة ،٢٠٠١: ١٥٠)

توێـژەر هەڵسا بـە دارشـتنی ئامانجـە رەفتارییـەکان بـۆ بابەتـی مێژوویـی پۆلـی شەشـەمی بنەرەتیـی بـە پێـی پۆلێنـی دبلـۆم بـۆ ئاسـتە مەعریفییـەکان (یادکرنـەوە، تێگەیشـتن، جێبەجێکـردن، شـیکردنەوە). کـە، شـیاون بۆ ئاسـتی خوێندنیی قوتابیـی لـەم قۆناغـەدا بریتیـی بـوو لـە (٨٠)، ئامانجـی رەفتاریـی بـۆ هەردوولایەنـی (مەعریفیـی، دەرونجوڵەیـی). بـە پێـی ئـەو ناوەڕۆکـەی دیاریکـراوە و مـاوەی توێژینەوەکـە و بـە پێـی پلانـی وانەوتنـەوەی هەروانەیـەك لـە وانەکانـی بابەتەکـە لـەو ماوەیـەدا کـە، ژمارەیـان(١٥)، پـلان بـوو بـۆ هـەر گرووپێـك پاشـان خرایـە بەردەسـتی کۆمەڵێـك لـە شـارەزاییان لـە بـواری (رێگاکانـی وانەوتنـەوە، مێـژوو، پێوانـە و هەڵسـەنگاندن)، و مامۆسـتایانی بابەتەکـە و سەرپەرشـتیارانی پەروەردەیـی لـە هـەر دوو بەڕێوەبەرێتـی پـەروەردەی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا.

ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە( اعداد الخطةالتدريسيةPrepation of Lesson Plans:

یەکێـك لـە ئەرکەکانـی مامۆسـتا پلاندانـان و رێکخسـتنی ژینگـەی پۆل بـۆ گفتوگـۆ و دابەشـکردنی بابەتەکانـی خوێندنە. (جابـر ،١٩٩٩:٢٠٨) (١٥)، پلانـی رۆژانـە بـۆ گرووپـی ئەزمونکاریـی پشـت بەسـت بـە ئاوێتەکردنـی(٣)، سـتراتیژیی وانەوتنـەوە ئامـادە کـرا، کـە بریتیبـوون لـە سـتراتیژەکانی، فێربوونـی هاوتەمەنـان، سـێکوچکەی گوێگرتـن، نەخشـەکانی ژیریـی. و (١٥)، پلانـی بـۆ گرووپـی کۆنترۆڵکـراو بـە پێـی تایبەتمەندیـی وانەوتنەوەکـە بـە رێـگا ئاسـاییەکان ئامـادە کـرد. پاشـان نمونەیـەك لـە پلانـی هەرگرووپێـك خرایـە بەردەسـتی کۆمەڵێـك لـە شـارەزاییان و پسـپۆرانی بـواری (رێگاکانـی وانەوتنـەوە و پێوانـە و هەڵسـەنگاندن و مێـژوو)، و سەرپەرشـتیاران و مامۆسـتایانی بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان بـۆ دڵنیابـوون لـە شـیاوی پلانەکـە.

جێبەجێکردنـی ئەزمونەکـە: توێـژەر لـە رۆژی سێشـەممە رێکەوتـی (٢٠٢٢/٢/١) لـە وەرزی دووەمی خوێندن دەسـتیکرد بـە وانەوتنـەوە بـە هـەردوو گرووپـی (ئەزمونکاریـی و کۆنترۆڵکـراو) و مـاوەی(٦)، هەفتـەی خایاند.

ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە(اعداد أداة البحث-Constructive Research Instrument ) :

مەبەسـت لـە ئامرازەکانـی توێژینـەوە بریتییـە لـە هەمـوو ئـەو ئامرازانـەی کـە توێـژەر بـە کاریدەهێنێـت بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاریـی پێویسـت بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیاریی توێژینەوەکـە یـا، تاقیکردنـەوەی گریمانەکانـی توێژینەوەکە.(السـلماني،٢٠١٣: ٦٢)، لـە (العسـاف ،١٩٩٥)، ئاماژەیـی کـردووە. ئامـرازی توێژینەوەکـە بـۆ پێوانەکردنـی ئاسـتی بەدەسـتهێنانی (التحصیـل)، قوتابیـی لـە هـەردوو گـرووپ، توێـژەر تاقیکردنەوەیەکـی بابەتـی ئامادەکـرد لـە جـۆری هەڵبـژاردن لـە چەنددانەیـەك کـە (٢٠)، برگـە لـە خـۆ گرتبـوو بـەم شـێوەییەی خـوارەوە :

ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندیی یان خشتەی تاقیکردنەوە (جدول المواصفات)

بریتییـە لـە هێڵکارییەکـی روونکردنەوەیـی کـە، ناوەرۆکـی تاقیکردنـەوە دەستنیشـان دەکات وە ناوەرۆکـی بابەتـی خوێنـدن دەبەسـتێت بـە ئامانجـە رەفتارییـەکان، کێشـی رێژەیـی بـۆ ناوەرۆکـی هـەر بابەتێکـی خوێنـدن ، وە کێشـی رێژەیـی بـۆ ئامانجـە رەفتارییـەکان لـە ئاسـتە جیـاوازەکان دیاریدەکات.(العجیـلي ، : ١٩٩٠ ٥٩). خشـتەی تایبەتمەندیـی بـە سـودە بـۆ دیاریکردنـی چۆنێتـی هەڵبژاردنـی ئامانجـە رەفتارییـەکان لـە هـەر بەشـێکی بابەتەکـە و بـە پێـی رێـژەی سـەدیی ئامانجـەکان.

دارشـتنی برگەکانـی تاقیکردنـەوە :بـۆ هەرئامانجێکـی رەفتاریـی بـە شـێوەی هەرەمەکـی لـە هـەر بەشـێکی بابەتەکـە هەڵدەبژێردرێـت، چەنـد برگەیـەك لـە جـۆری هەڵبـژاردن لـە چەنـد دانەیـەك بەشـێوەیەکی سـەرەتایی دارێـژرا .

دەرهێنانی راستگۆیی رواڵەتی و ناوەرۆك:

مەبەست لە راستگۆیی تاقیکردنەوە پێوانەی ئامانجە رەفتارییەکان بکات نەك شتێکیتر. (الحیلة،٢٠٠٢ :٣٥٥)، بۆ دڵنیابوون لە راستی ناوەرۆك خشتەی تایبەتمەندیی ئامادەکرا، وە راستیی رواڵەتیی بۆ ئامرازەکە دەرهێنرا لە رێیی کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆرانی بواری وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن و پسپۆری مێژوو بە پێی راو بۆچوونییان هەندێك گۆرانکاریی ئەنجام درا بێ لابردنی هیچ برگەیەك .

جێبەجێکردنی ئەزمونی سەرەتایی: ئەمیش بە دوو قۆناغدا تێپەڕی ئەویش بریتیە لە :

ئەزموونی سەرەتایی یەکەم: لەم هەنگاوەدا توێژەر ئامرازەکەی بەسەر (٥٠)، قوتابییدا لە قوتابخانەی(بەرانان) ی بنەڕەتیی جێبەجێ کرد بە مەستی زانینیی رادەی روونی برگەکانی پرسیارەکان، بۆ زانینیی کاتی پێوبست بۆ وەڵامدانەوەی قوتابیی کە، بریتی بوولە (٤٠) خولەك.

ئەزموونی سەرەتایی دووەم: توێژەر ئامرازەکەی بەسەر(٢٠٠)، قوتابییدا جێبەجێکرد لە قوتابخانەی (کرمانج)ی بنەڕەتی، بە مەبەستی دۆزینەوەی جێگیریی ئامرازەکە و ئاستی گرانی، هێزی جیاکاریی، کارایی جێگرەوە هەڵەکان). شیکردنەوەی ئاماری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوە(تحلیل الاحصائي للفقرات الاختبار (Analysi Statististical of The Test items) :

جێگیریی: لە کاتی ئامادەکردنی تاقیکردنەوە بە هۆی نەبوونی کات بۆ دووبارە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە یان، ئامادەکردنی دوو وێنەی هاوتا بۆ تاقیکردنەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەکەی بە شێوەیەك ئامادەکرد کە، برگە تاك و جووتەکانی هاوتا بن، بە مەبەستی بە کارهێنانی رێگای لەتکردنی تاقیکردنەوەکە بۆ دوو نیوەی یەکسان (طریقة التجزئة النصفیة). بۆ ئەم مەبەستەش پاش پشکنینیی برگەکانی تاقیکردنەوەکە بە پێدانی یەك نمرە بۆ وەڵامی راست و سفر بۆ وەڵامی هەڵە، نمرەی برگە تاك و جووتەکان بە جیا بۆ هەر تاکێکی نمونەی ئەزمونیی دووەم کە، ژمارەیان (٢٠٠)، قوتابیی بوو، بە بەکار هێنانی هاوکێشەی (پیرسون)، هاوکۆلکەی پەیوەندی بۆ هەریەك لە نیوەی تاقیکردنەوەکە ئەژمارکرا.

هاوکۆلکەی قورسی برگەکان: پاش ریزبەندیکردنی نمرەکانی(٢٠٠)، قوتابیی ئەزمونی سەرەتایی دووەم ئەژمارکردنی نمرەی هەر قوتابییەك لە بەرزترینەوە بۆ نزمترین. دواتر رێژەی)٢٧٪)ی گرووپی نمرە بەرزەکان و(٢٧٪)، ی گرووپی نمرە نزمەکان دیاریکرا کە یەکسان بوو بە (٥٤)، قوتابیی بۆ بەرزترین نمرە و(٥٤)، قوتابیی نزمترین نمرە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی دۆزینەوەی هاوکۆلکەی قورسی و بەهای ئەو هاوکۆلکەیە دەرهێنرا لە نێوان ( ٠،٣٠ – ٠،٦٠)، دابوو بە پێی رای (قەرەچەتانی،٢٠١٨:١٠٥) لە (١٩٧٩,Allen&Yen) ئاماژەیکردووە دەڵێت ئەو برگە پرسیارانە پەسەندن کە، بەهای قورسییان لە نێوان ( ٠،٣٠ -٠،٧٠) .

هێزی جیاکاریی: بە بەکارهێانی هاوکێشەی دۆزینەوەی هێزی جیاکاریی بۆ گرووپی نمرە بەرزەکان و نمرە نزمەکان هێزی جیاکاریی هەر برگەیەك دیاریکرا، بەهاکانیان لە نێوان( ٠،٣٠-٠،٦٠)، بە رای(Eble, ١٩٧٢ ). پێی وایە هەر برگەیەك هێزی جییاکاریی (٠،٣٠)، و زیاتر بێت ئەوا ئەو برگەیە پەسەندە .

کارایی جێگرەوە هەڵەکان: بە بەکارهێنانی هەمان هاوکێشەی کە بۆ دۆزینەوەی هاوکۆلکەی جیاکاریی بەکاردەهێنرێت دۆزینەوەی کارایی هەر جێگرەوەیەکی هەڵە بەهاکانیان هەمووی نەرێنی بوو و شیاو بوون بە رای ( الکبیسی،٢٠٠٧) .

جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوە( تطبیق أداة البحث ): دوای تەواوبوونی توێژەر لە جێبەجێکردنی ئەزمونەکەی و تەواوکردنی ئەو بابەت و بەشانەی دیاریکرابوو، لە رۆژی چوارشەممە رێکەوتی (٢٠٢٢/٤/٦)، هەر دوو گرووپ

لـە کاتژمێـر(٩:٣٠)، بەیانـی تاقیکردنـەوەی کۆتایـی بـۆ پێوانـی ئاسـتی بەدەسـتهێنان ئەنجـام درا، قوتابیـی لـە هـەردوو گرووپـی ئەزمونکاریـی و کۆنترۆڵکـراو لـە هەمـان هـۆڵ لـە نـاو قوتابخانـە ئەنجامـدرا بـە مەبەسـتی ڕەخسـاندنی هەمـان ژینگـە بـۆ ئەنجامدانیـی تاقیکردنـەوە تـا کار نەکاتـە سـەر گـۆڕاوی پاشـکۆ و ئەنجامـی توێژینەوەکـە.

هەڵەچنیکردنـی (پشـکنینی) ئامـرازی توێژینەوەکـە (تصحیـح أداة البحـث ): پـاش تـەواو بوونـی ئەنجامدانـی تاقیکردنـەوەی کۆتایـی بـۆ پێوانـی ئاسـتی بەدەسـتهێنان بـۆ هـەردوو گرووپـی ئەزمونکاریـی و کۆنترۆڵکـراو، توێـژەر هەڵسـا بـە پشـکنینی وەڵامـی قوتابییـان .

ئامرازە ئامارییەکان (الوسائل الاحصائیة Statistical Eguation )

تاقیکردنەوەی(ت)-(الاختبـار التـائيt.Test للعینتـین المسـتقلتین): ئـەم هاوکێشـەیە بەکارهاتـووە بـۆ دەرخسـتنی هاوتایـی گرووپەکان و شـیکردنەوەی ئەنجامـەکان. (Howitt&Cramer.١٩٩٧.p.١٤٧)

کای دووجـا(کای سـکوێر-): بـۆ دەرهێنانـی جیـاوازی لـە نێـوان ئاسـتی ئەکادیمیایـی دایبابانـی هـەر دوو گرووپـی توێژینەوەکـە.

هاوکێشـەی پەیوەندیـی پیرسـون(معامل الارتبـاط بیرسـون: بـۆ دۆزینـەوەی جێگیریـی بەکارهاتـووە. (البیـاتي واثناسـیوس ،١٩٩٧: ١٨٣)

هاوکێشـەی پەیوەسـتی (سـبیرمان–براون)، بـۆ راسـتکردنەوە (معادلەالارتبـاط سـبیرمان–براون التصحیحیـة): ئـەم هاوکێشـەیە بەکارهێـنرا بـۆ راسـتکردنەوەی جێگیریـی دوولەتـی تاقیکردنەوەکە.(ابوعـلام، ٢٠٠٦ : ٤٧٣) .

بەشـی چوارەم/خسـتنەڕووی ئەنجامـەکان: توێـژەر پـاش پشـکنینیی وەڵامـی تاکەکانـی هـەردوو گرووپـی ئەزمونکاریـی و کۆنترۆڵکـراو بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە وەڵامـی گریمانـە سـفرییەکەی توێژینەوەکـە ناوەنـدی ژمێرەیـی و لادانـی پێوەریـی و نمرەکانـی هەریـەك لـە گرووپـی ئەزمونکاریـی و کۆنترۆڵکـراو دەرهێنـا بـە بەکارهێنانـی هاوکێشـەی (t.Test)، بەهـای ئەژمـار کـراوی دەرهێنـا وەك لـە خشـتەی ژمـارە (٥)، خراوەتـەڕوو:

خشتەی ژمارە (٥)

بـەراوردی نێـوان نمرەکانـی تاقیکردنـەوەی کۆتایـی لـە نێـوان هـەردوو گرووپـی ئەزمونکاریـی و کۆنترۆڵکـراو بـۆ زانینـی کاریگـەری گـۆڕاوی سەربەخۆلەسـەر گـۆڕاوی پاشـکۆ

| گرووپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداریی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | | |
| ئەزمونکاریی | 30 | 15.40 | 3.16 | 8.08 | 2.01 | 58 | (٠,٠٥) | بەڵگەداری هەییە |
| کۆنترۆڵکراو | 30 | 2.94 | 2.94 | | | | | |

لـە خشـتەی ژمـارە(٥)، دا روونیدەکاتـەوە کـە، بەهـای(ت)ی ئەژمارکـراو بەهاکـەی (٨,٠٨)، گەورەتـرە لـە بەهـای(ت) خشـتەیی کـە، بەهاکـەی (٢,٠١)، لـە ئاسـتی بەڵگەداریـی (٠,٠٥)و نمـرەی ئازادیـی (٥٨)، واتـا ڕەتکردنـەوەی گریمانـەی سـفریی توێژینەوەکـە و قبوڵکردنـی جێگرەوەیـی کـە، ئامـاژە بـە بونـی جیاوازیـی ئاماریـی بەڵگەداریـی لـە نێـوان ناوەندیـی نمرەکانیـی هـەر دوو گرووپـی توێژینەوەکـە. ئەنجامـی توێژینەوەکـەش بریتـی بـوو لـە:

• جیاوازیـی بەڵگەداریـی ئاماریـی هەیـە لـە ئاسـتی بەڵگەداریـی(٠,٠٥)، لـە نێـوان ناوەنـدی ژمێرەیـی ئاسـتی

بەدەستهێنانی قوتابییانی گرووپی ئەزمونکاریی بە بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی ئاستی بەدەستهێنانی قوتابییەکانی گرووپی کۆنترۆڵکراو، بۆ بەرژوەندی قوتابییەکانی گرووپی ئەزمونکاریی. واتا سەرکەوتنی گرووپی ئەزمونکاریی کە بە ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژ کە، بریتیی بوون لە ستراتیژەکانی (فێربوونی هاوتەمەنان و سێکوچکەی گوێگرتن و نەخشەکانی ژیریی) بابەتەکەیان خوێندووە بە سەر گرووپی کۆنترۆڵکراوکە بابەتەکەیان بە ڕێگاباوەکانی وانەوتنەوە بابەتەکەیان خوێندووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گۆڕاوی سەربەخۆ کاریگەریی بەرچاوی هەبوو لە سەر بەدەستهێنانی خوێندن لە بابەتی مێژوو.

ڕاڤە کردن و لێکدانەوەی ئەنجامەکان:

توێژەر ڕاڤە و لێکدانەوەی سەرکەوتنی گرووپی ئەزمونکاریی بە سەر گرووپی کۆنترۆڵکراو لە ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژی نوێی وانەوتنەوە دەگەڕێتەوە بۆ :

• ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژ و بەکارهێنانی لە یەك وانەدا تازەگەرییەکی هێنایەکایەوە لە بواری وانەوتنەوەی گرووپی ئەزمونکاریی، ئەویش بوو بە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی قوتابییان بۆ وانەکە و بەشداری لە خستنەڕوو و چالاکی و ڕوونکردنەوە و پوختەکردنی بابەتی هەر وانەیەك و وانەکە سەرنج ڕاکێش بێت و جیاواز بوو لەو شێوازە سادەیەی کە، قوتابییان ڕاهاتوون لە گوێگرتن نەك ئەنجامدانی چالاکییەکانی ناو پۆل وە لە ئەنجامدا بوو بە بەهۆی زیادبوونی پاڵنەری فێربوون .

• ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژیی وانەوتنەوە کە، سەر بە ستراتیژەکانی (فێربوونی کاران) و (التعلم النشط)، فێربوون بە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە (فێربوونی کارا) دەبێتە هۆی ئەوەی کە وانەکە چێژبەخش بێت چونکە قوتابیی تەوەرەی سەرەکیی پرۆسەی فێربوونە.

• بەکارهێنانی سێ ستراتیژی (فێربوونی هاوتەمەنان) کە، لە سەرەتای وانەکە بە زۆری بە کارهات کە، لە شێوەی گرووپی دووانی پرۆسەی فێربوون بەڕێوە دەچوو ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ گەشەسەندنی گیانیی هەرەوەزیی و کۆمەڵایەتیی و متمانە بە خۆبوون لای قوتابیی، پاشان بەکارهێنانی (سێکوچکەی گوێگرتن) بە گرووپی سیانیی قوتابییان فێریی گوێگرتنی ئەرێنیی دەکات و گەشەکردنی لێهاتوویی لە وەرگرتن ووردی لە تێبینکردن و پرسیارکردن و نوسینەوەی تێبینیەکان، لە کۆتاییدا ستراتیژی نەخشەکانی ژیریی بەهۆی گرووپی(٦)، کەسیی یارمەتیدەرە بۆ کورتکردنەوە و پوختکردنەوەی زانیارییەکان بە شێوەی نوسینەوە و وێنە و ڕەنگ زانیارییەکان دەخاتە روو کە ئەمەش دەبێتە هۆی فێربوون بە ڕێگای تێگەیشتن و مانەوەی لە یادەوەریی بۆماوەیەکی دوور و درێژ. چونکە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە وا دەکات هەردوو لای مێشك بەکاربهێنرێت کە، هەر یەکەیان فەرمان و ئەرکی خۆی هەیە و تەواوکەری یەکترن.(أبوالحاج، ٢٠١٩ : ٢-٧) لە (حمداوي،٢٠١٧)، ئاماژەی کردووە. لە هەمان کاتدا کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەدەستهێنان بە بەراورد بە ڕێگا سادە و باوەکانی وانەوتنەوە کە زیاتر قوتابیی پشت بە ئەزبەرکردن دەبەستێت بە مەستی تاقیکردنەوە.

• ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژ و بەکارهێنانی لە یەك وانەدا هۆکارێکی باشە بۆ ڕەچاوکردنی جیاوازیی تاکە کەسی، توانا و بەهرەکانیی قوتابیی دەخاتە ڕوو، فیدباکی(التغذيةالراجعة)، بەردەوام دەدرێت بە قوتابیی لە لایەن هاوڕێکانیانەوە کە بە گرووپ کاردەکەن .

ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژ لە یەك وانەدا کاریگەریی زیاتر دەکاتە سەرفێربوون بەرەو باشتر چونکە، هەریەکەیان کۆمەڵێك تایبەتمەندیی و سوودی هەیە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی فێربوونی هاوتەمەنان بوار بۆ قوتابیی

دەرەخسێنێت پرسیار لە هاوتەمەنەکەی بکات بێ شەرم و ترس و دەبێتە هۆی زیادبوونی بایەخ دانی قوتابیی بەفێربوون.(عطیة،٢٠٠٩ :١٤٥)، یەکێك لە گرنگییەکانی ستراتیژی نەخشەکانی ژیریی دەبێتە هۆی چالاککردنی هزری تاك. (حوراني،٢٠١١ :٢١). یەکێك لە گرنگییەکانی ستراتیژی سێکوچکەی فێربوون کاردەکاتە سەر قوتابیی بۆ زیادبوونی پاڵنەری فێربوون. (ظاهر و ئەوانیتر،٢٠١٧:٩٦١). هەر یەك لەم تایبەتمەندییە و چەندین خاڵیتری باش ئەم ستراتیژانە لە یەك کاتدا بەکارهێنانی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەدەستهێنان و فێربوونی کارا .

• بەهۆی بوونی چەند جۆرێك زیرەکیی لە تاکدا کە خۆی لە(٨)، بۆ (٩)، جۆر دەبینێتەوە وەك لە تیۆری فرە زیرەکیی ئاماژەی پێکراوە (أبوالحاج،٢٧ : ٢٠١٩). بە هۆیی بەکارهێنانی فرە جۆری لە رێگاکانی وانەوتنەوە دەتوانرێت پەرە بە هەرجۆرێکی زیرەکیی بدرێت لە تاکدا ئەم ستراتیژانەی توێژەر بەشێوەی ئاوێتە لە یەك وانەدا بەکاریهێناوەهەریەکەیان جۆرێك یا چەند جۆرێك لە زیرەکیی گەشە پێدەدەن بۆنمونە ستراتیژی فێربوونیی هاوتەمەنان گەشە بە زیرەکیی کۆمەڵایەتیی و دەربرین دەدات، ستراتیژی نەخشەکانی ژیریی گەشە بە زیرەکیی بینین (البصري)، دەدات وە ستراتیژی سێکوچکەی گوێگرتن گەشە بە زیرەکیی دەربرین و زیرەکیی و کەسی دەدات.

## دەرئەنجامەکان

ئاوێتەکردنی سێ ستراتیژی وانەوتنەوە لەیەك کاتدا دەبێتە هۆی :

١. بەرز بوونەوەی ئاستی بەدەستهێنان لای قوتابیی.

٢. وانەکە چێژبەخش و سەرنج راکێش دەکات .

٣. دەبێتە هۆی دەرخستنیی توانای قوتابیی لە ئەنجامی چالاکییەکان و فێربوونیان بە شێوەیەکی کارا بە بەراورد بە رێگا باوەکانی وانەوتنەوە.

٤. بەشداری قوتابیی لە چالاکییەکانی ستراتیژەکان بە پەرۆشەوە کە، ئەوەش بوو بە هۆی سەرکەوتن لە بابەتەکە .

## پێشنیارەکان:

توێژەر پێشنیاری ئەم ناونیشانانە دەکات بۆ توێژەران لە داهاتوودا توێژینەوەی لە سەر بکرێت:

ئاوێتەکردنی ستراتیژەکانی (فێربوونی هاوتەمەنان و سێکوچکەی گوێگرتن و نەخشەکانی ژیریی) لە قۆناغەکانی دیکەی خوێندن .

ئاوێتەکردنی ستراتیژەکانی(فێربوونی هاوتەمەنان و سێکوچکەی گوێگرتن و نەخشەکانی ژیریی ) لە بابەتەکانی تری خوێندن.

# فاعية دمج بعض المستحدثات التدريسية في تدريس المواضيع التأريخية على تحصيل تلاميذ الصف السادس ألاساسي .


الملخص

هدفت الدراسة معرفة فعالية دمج بين ثلاث إستراتيجات الحديثة للتدريس في التحصيل تلاميذ الصف السادس ألاساسي في مادة التاريخ . حاولت الدراسة الاجابة عن السؤال التالي: هل إنةالدمج بين بعض الإستراتيجيات الحديثة أثر في التحصيل تلاميذ الصف السادس الاساسي في مادة التاريخ. اعتمد الباحث المنهج شبة التجريبي للعينتين مستقلتين ذات ألإختبار البعدي لملائمتها للبحث الحالي بحيث درست المجموعة التجريبية وفق الدمج بين (٣)، من الاستراتيجيات الحديثة للتدريس هي (تعلم الاقران و الخرائط الذهنية و مثلث الاستماع )، و درست المجموعة الضابطة وفق الطريقة الإعتيادية.تألف مجتمع البحث من تلاميذ الصف السادس ألاساسي في مدارس مركز مدينة السليمانية ضمن مديريتي التربية(شرق و غرب) السليمانية للسنة الدراسية (٢٠٢١ -٢٠٢٢ ). اختيرت مدرسة (قاميشلو) التابعة لمديرية التربية غرب السليمانية لاقتصاديا لتطبيق تجربة البحث ,بلغ عدد أفرادها (٦٠)، تلميذا وتلميذة و موزعين على شعبتين بواقع (٣٠)، تلميذا و تلميذة في كل شعبة. اختيرت الشعبة (ا) لتكون مجموعة التجريبية والشعبة (ب) لتكون ضابطة عشوائيا تحققت الباحثة من تكافؤ المجموعتين (التجريبية و الضابطة) من المتغيرات (العمر الزمني , الذكاء,درجات السنة السابقة في مادة التأريخ , المستوى الاكاديمي الاباء والامهات) وقد تبين كلتا المجموعتين متكافئتان في تلك المتغيرات,تم أعداد إختبار التحصيلي في ضوء جدول المواصفات بلغ عدد فقراتة (٢٠), فقرة من نوع إختيار متعدد لقياس التحصيل الدراسي . وتم التحقق من صق الظاهري لعرضة على مجموعة من الخبراء والمختصين وتحقق منصدق الداخلي للاعداد الجدول المواصفات ,وثباتة بطريقة التجزئة النصفية حيث بلغ معامل ثباتة ( ٠,٧٦) ,الوسائل الاحصائية المستخدمة هي: (معادلة بيرسون , (سبيرمان – براون) , معادلة اختبار (ت T.test) و مربع كاي ). ظهرت النتائج : يوجود فرق ذو دلالة إحصائية عند المستوى دلالة (٠,٠٥) بين متوسط درجات تلاميذ المجموعة التجريبية و بين متوسط التحصيل تلاميذ المجموعة الضابطة , لصالح المجموعة التجريبية .وهذا يعني تفوق تلاميذ المجموعة التجريبية على أقرانهم في المجموعة الضابطة في التحصيل بسبب دراستهم باستخدام الدمج بين الاستراتيجيات الثلاثة .


مفتاح الكلمات : تعلم الاقران ،الخرائط الذهنية ,مثلث الإستماع ,طرق التقليدية

## The Effect of Merging Modern Instruction in Teaching History on Achievement of sixth graders students of the basic schools


### Abstract

The research aimes is to know the impact of Merging some modern strategies in teaching history on acheievement of sixth grade students in basic schools, and to clarify them by responding to these null hypotheses There is no statistically significant difference, even by (0.05) between the the scores of students in the Experimental group which taught history through by merging three modern strategies, controlgroup which group taught used traditional methods of teaching,The method used in conducting this research is an quasi experimental, , The research is conducted during the academic year (20212022/). The total number of students who are selected as samples for the purpose of conducting this research is(60) divided into two groups. The first group, which is the group subject to the requirements of the research, included (30) students on whom the experience is applied through the use of modern teaching methods, while the second group, that also includs (30) students is selected, from Qamishlo Basic School (grades 16-), a school located in the city center of Sulaymaniyah affiliated to the West Sulaymaniyah Education Directorate The researcher compared the variables and analysed the data for both groups such as, the ages of the students, their IQ ratio, the grades they obtained in the final exam for the subject of history in the previous year, and the cultural level of the students' parents. By comparison, it was found that both groups are equal , There are statistically : significant differences in the degree of acquisition by (0.05) between the two groups, in favor of the students of the test group compared to the degree of acquisition of the students of the control group . The experimental sample group, who are taught through the use of three strategies, namely, the strategies of peer education, trio listening, as well as knowledge maps for the development of their intelligence, are more successful compared to the control group that are taught through traditional meth ds


**Keywords : peer learning ,Mind maps ,Listening Tringle,Traditional methods**

## لیستی سەرچاوەکان

إبراهيـم ،مهـى صـبري معـوض ،(٢٠١٩) : فاعليـة الدمـج بـين بعـض إسـتراتيجيات النظريـة البنائيـة في تدريـس الدراسـات الإجتماعيـة في تنميـة التفكـير و تقديـر الـذات لـدى تلاميـذ المرحلـة ألأعداديـة ،جامعـة عـين الشـمس – كليـة التربيـة ،

أطروحـة دكتـورا .

أبـو حويـج ، سـمير وأخـرون،(٢٠٠٠) : القيـاس والتقويـم في التربيـة والعلـم النفـس ،دارالعلميـة الدوليـة والثقافيـة ،عـمان .

-أبو علام ،رجاء محمود ،(٢٠٠٦) : مناهج البحث في العلوم النفسية والتربوية ،القاهرة ،دارالنشر للجامعات.

أبـو مـوسى ،د.مفيـد أحمـد ود.سـمير عبدالسـلام الصـوص ،(٢٠١٢) : التعلـم المدمـج (المتـمازج) بـين التعليـم التقليـدي و الإلكـتروني ، ط ١ ،الأكاديميـون للنـشر والتوزيـع ، عـمان –الاردن .

بشـارات ،لينـا سـليمان محمود،(٢٠١٧):أثـر إسـتراتيجية التعلـم المقلـوب في التحصيـل و مفهـوم الـذات الريـاضي لـدى طلبـة الصـف العـاشر الأسـاسي في محافظـة أريحـا ، جامعةالنجـاح الوطنيـة في نابلـس /فلسـطين كليـة دراسـات العليـا ، رسـاله ماجسـتير غيـر منشـوره.

البياتي،د.عبدالجبـار توفيـق و د.زكريـا زكي أثناسـيوس،(١٩٩٧): الأحصـاء الوصفـي والإسـتدلالي في التربيةوعلـم النفـس ، كليـة التربيـة إ بـن رشـد – جامعـة بغـدا

جابر ،عبدالحميد جابر ،(١٩٩٩) : إ ستراتيجيات التدريس والتعلم ، ط ١،دارالفكر العربي ،القاهرة.

جاسـم ، محمـد عويـد و أ.م.د.صـادق عبيـس الشـافعي، (٢٠١٥) : فاعليـة التدريـس باسـتعمال الوسـائط المتعـددة في تحصيـل وتنميةالدافـع المعـرفي لـدى طـلاب الصـف الثـاني المتوسـط في مـادة التأريـخ ، جامعـة كربـلا- كليةالتربيـة للعلـوم الانسـانية، مجلـة كليةالتربيـة الاساسـية للعلـوم التربويـة والانسـانية/ جامعـة بابـل ، عـدد ٢٧.

حسين , د. محمد عبدالهادي , ( ٢٠١٤) : نظرية الذكاءات المتعددة , دار الجوهرللنشر والتوزيع , قاهرة –مصر.

حكمـي ،د. حليمـة بنـت محمـد ،(٢٠٢٠) : المسـتحدثات التكنلوجيـة (مفهومهـا ،وتصنيفهـا ،وكيفيـة توظيفهـا في العمليـة التعليميـة) ،جامعـة الشـقراء ، الملكـة العربيـة السـعودية . ١٥ /٢٠٢٢/٨ كرايـەوە.

الحيلة ، محمد محمود، (٢٠٠٢) : مهارات التدريس الصفي ، ط ١،دارالمسيرة للنشر والتوزيع ،عمان .

الـسردي ، محمـد عبدللـة ،(٢٠١٢) : تقويـم الاسـاليب الاحصائيـة المسـتخدمة في البحـوث التربويةبالجامعـة الإسـلامية والحلـول البديلـة ،جامعـة الإسـلامية –غـزة/ قسـم الدراسـات العليـا مناهـج وطـرق التدريـس ، رسـالة ماجسـتير غـير منشـورة .

سـعادة ، د.آحمـد جـودة, ( ٢٠٠١) : خمـس الاف هـدف ( سـياغةالاهداف التربويـة والتعليميـة في جميـع المواد الدراسـية) ، ط ١ ،داراشروق للنـشر والتوزيـع ،نابلـس –غزة.

السـلماني ،سـجى صالـح محمـد،(٢٠١٣) : فاعليـة إسـتراتيجية البيـت الدائـيري في تحصيـل طالبـات الصـف الخامـس الادبي في مـادة التأريـخ ،جامعةديـالى - كليةلتربيـة للعلـوم الانسـانية / قسـم العلـوم التربويـة والنفسـية، رسـالة ماجسـتير غـير منشـورة .

سـيوەیلی ، ئیدریـس ،(٢٠١٧): مامۆسـتای کارامـە و وانـە ووتنـەوەی سـەرکەوتوو ، چ ٢ ،چـا: چوارچـرا – سـلێمانی .

الشـمري ،طـلال هـادي و أحمـد زيـد أل مسـعد،(٢٠١٧) : أثـر اسـتخدام اسـتراتيجية الفصـول المقلوبـة في التحصيـل الـدراسي والدافعيـة نحـو التعلـم مـادة المعلوماتيـة لطـلاب الصـف الحـادي عـشر الثانـوي ، مجلـة الدراسـات التربويـة والنفسـية،جامعة السـلطان ، مجلـد ١٣،عـدد ١.

الشمري ،ماشي بن محمد،(٢٠١١ ) : (١٠١) إستراتيجية في التعلم النشط،ط١،سعودية .

صابر،تانيا نورالدين ،(٢٠١٩) : أثر إستخدام إستراتيجيةالتعلم التوليدي والتعلم البنائي في تحصيل المعرفي المادة التأريخ والتنمية أساليب التعلم لدى طالبات الصف الحادي العشر ، جامعة صلاح الدين –أربيل ،أطروحة دكتورا .

عبدالمجيد , د.،نزار بن علي ياسين ،(٢٠١١) : استخدام استراتيجية تدريس الاقران في تدريس التربية الفنية و علاقتها ببعض المخرجات التعليمية لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية بمدينة جدة،جامعة ام القرى – كليةالتربية / قسم المناهج وطرق التدريس،رسالة ماجستير غير منشورة .

العجيلي ، صباح حسين وأخرون ،(١٩٩٠) : التقويم والقياس النفسي ، دارالحكمة للطباعة والنشر ،بغداد – عراق .

عماري ، مبروكة و ياسمين بوراس،(٢٠٢٠) : أثر إستراتيجية الخارطة الذهنية على التحصيل الدراسي في مادة ألإجتماعيات لدى تلاميذ السنة الثالثة متوسط – بالوادي ،جامعة الشهيد حمة خضر بالوادي ، كلية العلوم ألإجتماعية وإلانسانية/ قسم العلوم الإجتماعية ،رسالة ماجستير غير منشورة.

العين ،بشيرة حسن ملو،(٢٠١٥) : الخرائط الذهنية بين الفكرة والتطبيق ،ط ١،دار أمجد للنشر والتوزيع،عمان –ألاردن .

غنيم ، محمد عبدالسلام ،(٢٠٠٤) : مبادئ القياس والتقويم النفسي والتربوي , مكتبة يوسف الرميض للنشر والتوزيع , قاهر.

قطاوي ،محمد ابراهيم ،(٢٠٠٧) :طرق الدراسات الاجتماعية ،ط١،دارالفكر للنشر ،عمان –الاردن .

قەرەچەتانی ، پ.د.کەریم شەریف ،(٢٠١٨) :پێوانە وهەڵسەنگاندن (لە بواری پەروەردە و دەرونزانی ) ، چا : زبانی صلح /تەهران –ئێران .

الكناني ،م.أمجاد خلف فياض ،(٢٠١٩) : أثر استراتيجية مثلث الاستماع في تحصيل مادة الاجتماعيات لدى طلبةالصف الثاني المتوسط ، جامعة المستنصرية ، مجلة كلية التربية ، عدد ٤

هادي ، مريم مهدي ،(٢٠١٣) : أثر استعمال إستراتيجية (SG٣R) في تحصيل طالبات الصف الخامس ألادبي في مادة الجغرافية الطبيعية) ، جامعة بابل –كليةالتربية الأساسية، رسالةماجستيرغير منشورة.

(معجم الوسيط) ،( مامعنى المستحدثات )، http://www.almaany.com له ٢٠٢٢/٨/١ كرايەوە.

I ntroduction Statistics In phycohology. London: prentice Hall, Harvester.(١٩٩٧).Howitt,D.& Cramer, D wheat